گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانیەوە (١٩٩١-١٩٩٨)

**پ. د. سعدی عثمان هەروتی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
dr.saadi.haruti@hotmail.com

**پەرژین جلال نادر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Parzhinjalal89@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٨
پەسەندکردن:٢٠٢١/١٠/٢٧
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Social, Kurdish Jornalist, Culture, Games, Woman Right.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.1.5

## پوختە

ماوەی ساڵانی (1991-1998) بۆ باشووری کوردستان ماوەیەکی مێژوویی گرنگ وچارەنووسسازە. چونکە لەم ماوەیەدا کورد دەسەڵاتێکی خۆماڵی پێکهێناو هەروەها بەسەر شەڕی ناوەخۆییشدا زاڵبوو. هاوکات گۆڕانکاری وپێشهاتەکانی ئەم ماوەیە کاریگەری بەرچاویان هەبوو لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان ولەنێویشیاندا لایەنی کۆمەڵایەتی. ئەم توێژینەوەیەش تەرخانکراوە بۆ بەشێکی گرنگی ئەو لایەنە کە ئادگارە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەویش بە پشت بەستن بە زانیاری ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە لەم ماوەیەدا لەهەرێمی کوردستاندا دەرچوون. لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕۆژنامەگەری وەکو ئاوێنەی سەردەمەکە ئەژمار دەکرێ.

توێژینەوەکە سێ تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێ: لەتەوەری یەکەم باسی دابونەریتەکانی کۆمەڵگە کراوەو هەروەها بیروباوەڕە میللییە باوەکانیش لای لێکراوتەوە. تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی پایەی ئافرەت ودیاریکردنی پێگەی لەکۆمەڵگەدا، کە پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیبوو بەراورد بەساڵانی ڕابردوو. تەوەری سێیەمیش بۆ باسی یاری وجەژن وبۆنە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتکراوە، کە لەهەرکۆمەڵگایەك بۆ خۆشی وکات بەسەربردن ئەنجام دەدرێن.

## پێشەکی:

هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی وراگەیاندنی نووسراو بەتایبەت، رۆلێکی گەورە وکاریگەریان هەیە لەهۆشیارکردنەوەی خەڵك وهەروەها پێورەیکی باشن بۆ دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان. سەرباری ئەمەش رۆژنامەو گۆڤارەکان بەسەرچاوەی گرنگ دادەندرێن بۆ نووسینەوەی مێژوو، لەبەرئەوەی زانیاری هەنووکەیی لەخۆدەگرن لەهەموو لایەنەکانی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری ولایەنی تر. بۆیە دەتوانین بلێین ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زمانحاڵی سەردەمی خۆیانن. بێگومان لەساڵانی دوای ڕاپەڕینیشدا، کە ئازادی ڕۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستاندا ڕەخسا، ژمارەیەکی زۆر گۆڤارو ڕۆژنامە لەو هەرێمە دەرچوون و هەروەها ڕۆژنامەی ڕۆژانەش هاتنەبوون کە بریتی بوون لەهەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)و (برایەتی). ئاشکرایە کە ئەوانەش وەکو ئەرکی خۆیان ڕۆشناییان خستەسەر زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان. لەنێوانیشیاندا لایەنی کۆمەڵایەتی. بێگومان تا ئێستاش هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی باسی لایەنی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانی نەکردووە لەساڵانی دوای ڕاپەڕیندا، لەسۆنگەی ئەمەوە ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو بابەتە تەرخانکرا.

گرنگی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەی لایەنێکی گرنگی مێژووی باشووری کوردستان بەدیار دەخات کە ئادگارە کۆمەڵایەتییەکانە. گرنگییەکەشی لەوەدایە کە لەو ساڵانەدا گۆڕانکاری زۆر لەم لایەنەدا ڕوویانداوە. بەجۆرێك کە ئەو ماوەیە لەو ڕووەوە بووەتە خاوەن تایبەتمەندی خۆی.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم باس لە دأب ونەریتەکان وبیروباوەڕە میللییەکان دەکات کە لایەنێکی گرنگی ئاکارە کۆمەڵایەتیەکانن. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی پایەی ئافرەت، کە لەم ماوەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەکۆمەڵگەدا. هەرچی تەوەری سێیەمە ئاماژە بە یاری وجەژن وبۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەکات؛ کە باسی چەندین یاری کۆن ونوێ لەخۆدەگرێت وهەروەها جەژن وبۆنەکانی کورد وکەمەنەتەوەکانیش دەخاتە بەرباس. بێگومان بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەستراوە، چونکە ناونیشانی توێژینەوەکە وادەخوازێ. لەنێو ئەوانەش بەتایبەتی زانیاری ڕۆژنامە ڕۆژانەکان (برایەتی و کوردستانی نوێ) بەزۆری سودیان لێبینراوە، چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی فراوانتر بایەخیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە بواری کۆمەڵایەتی داوە. لەتەك ئەمانە هەندێ ژێدەریش بەکارهاتوون کە تایبەتمەندن بەلایەنی کۆمەڵایەتی وەکو (حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردواری) هەروەها (کەیوان ئازاد ئەنور، دأب ونەریتەکانی کورد). لەگەڵ چەندین سەرچاوە وژێدەری تر کە لە لیستی سەرچاوەکان دەبینرێن.

**ئادگارە کۆمەڵایەتییەکانی باشووری کوردستان لەڕوانگەی ڕۆژنامەوانییەوە (1991-1998)**

## تەوەری یەکەم: داب و نەریت و بیروباوەڕە میللییەکان

### باسی یەکەم: داب و نەریت:

خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوە خاوەن چەندین داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان بوون کە هەندێکیان جیاواز بوون لەهی میللەتانی تر. تەنانەت دەگوترێ کە کوردەکان ناسرابوون بەزێدەڕۆییکردن لە دەستگرتن بە داب و نەریتی باب و باپیران، ئەمەش وایکردبوو کە لەزۆربەی ناوچەکان زۆر پارێزگار بن و دژی هەر گۆڕان ونوێخوازییەك بن لەم بواردا. سەرەڕای ئەوەش کورد بەگشتی خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی بوو، هەروەها ئاکارە نەتەوەییەکانیشی جێگەی پێداهەڵدان بوون؛ وەکو ئازایەتی و قوربانیدان وزیرەکی ڕاستگۆیی و پاراستنی بەڵێن و میوان دۆستی و ڕێزگرتن لە بیانی و ڕووخۆشی. بەڵام لەگەڵ ئەمشدا باس لە دڵڕەقی و ڕێگریی و زووهەڵچوون و ساویلکەیی تاکی کورد دەکرێ (هەروتی، 2013، 118).

سەبارەت بەماوەی نێوان (1991- 1998)، گۆڤارو ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەرێکی باشن بۆ ناسینی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەباشووری کوردستاندا. بەڵام ناتوانین لەڕێی ئەوانەوە بەتەواوی وێنای بابەتەکە بکەین، چونکە باسیان لەهەموو لایەنەکان نەکردووەو تەنیا تیشکیان خستۆتەسەر ئەو دابونەریتانەی کە زۆر بەرچاون؛ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئاماژە بە نەریتێکی شاری هەولێر دەکات ودەڵێ ئەگەر بێت نیوەڕۆیەك سەردانی گەڕەکی کۆنی عارەبان بکەین، لەبەر دەرگای خانووێکی کۆن ژمارەیەك لە خەڵکی هەژار دەبینین خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆن، کە لەلایەن هاوڵاتیان پێشکەشیان کرابوو. خواردنی سەرەکیش لە برنج و شۆربا و شتی تر پێکهاتبوو (برایەتی، ژ 1718، 1994/8/14، 6). کەواتە نانداني هەژاران هێشتا وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا مابوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارە ئەم نەریتە بەشێوەیەك فراوان ببوو كەرێكخراوە سیاسی وكۆمەڵە خێرخوازییەكانیشی گرتبۆوە؛ بۆ نمونە لەڕۆژنامەی (یەكگرتوو) ئاماژە بەسازدانی خوانی بەربانگ و دابەشكردنی یارمەتی لەسەرتاسەری كوردستان كراوە لە لایەن حیزبی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان و رێكخراوە ئیسلامییە خێرخوازییەكان (یەكگرتوو، ژ 31، 1994/2/24، 4).

بێگومان دابو نەریتی بەربانگ و پارشێو كردنیش لەباشووری كوردستاندا تایبەتمەندی خۆیان هەبوو؛ كاتێك لەلایەن وەزارتی ئەوقاف دەستپێكی مانگی ڕەمەزان ڕادەگەیەنرا، موسڵمانان خواردنی پارشێویان ئامادە دەكرد، لە زۆربەی ناوچەكان دەهۆڵ لێدەدرا بەمەبەستی ئاگاداركردنەوەی خەڵك بۆ پارشێو. دیارە لەهەندێ ناوچەی سلێمانیش لە كاتی ئێوارە تۆپ دەتەقێنرا بۆ ڕاگەیاندنی بەربانگ. خەلكانێكیش ماوەیەكی كەم پێش بەربانگ دەچوون بۆ مزگەوت

بەمەستی نوێژ كردن لەمزگەوت وشكاندنی ڕۆژوو. هەندێ لەنوێژخوێنان

لەمزگەوت دەمانەوە تا نوێژی عیشایان دەكرد. بەڵام لەشەوی قەدر (یان دە شەوی كۆتایی ڕەمەزان كە شەوی قەدری تێدابوو) ژمارەیەكی بەرچاوی خەڵك تا پارشێو لەمەزگەوتەكان بۆ خوداپەرستی دەمانەوە. (كوردستانی نوێ، ژ921، 1995/2/22، 5).    بێجگە لەمانەی باسكران، رۆژنامەو گۆڤارەكانی ئەو ماوەیە باسی هەندێ نەریتی دیكە دەكەن كە لەپرۆسە كۆمەڵایەتییەكاندا باوبوون؛ بەتایبەتی لەژنهێنان وپرسەدا كەرۆشنایی زۆریان دەخەنە سەر، وەكو لێربەدوا باسیان دەكەین:

**أ- نەریتی ژنهێنان و بووك گواستنەوە:**

لەماوەی ئەو ساڵانەدا لەكوردستانی باشووردا ئەم جۆرانەی ژنهێنان هەبوون:

**١- ژن بە ژن:** بریتی بوو گۆرینەوەی دوو ئافرەت، ئەم كردارە كە یەكێك بوو لە جۆرەكانی هاوسەرگیری زیاتر لە گوندەكان ئەنجام دەدرا، بەڵام دیارە هەندێ جار لە شارەكانیش پەیرەو دەكرا (زاگروس، ع4، 4كانوون الاول1997، 71).

**2- ژن بەژنی گەورە بە بچووك (یان: بن پشك):** جۆرێكی تر لە ژن بە ژنە بەبێ ئەوەی هیچ ڕەچاوێكی ئارەزوو وخواستی ئافرەتەكە بكرابایە، چونكە باوك و برای كچەكە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ستەمیان لە كچەكەیان دەكرد و هێشتا منداڵ بوو لەكورێكیان مارەدەكرد. نەریتەكەش بەو شێوەیە بوو كە كچەكەی لایەكیان گەورەیە و ئامادەیە بۆ شووكردن، بەڵام ماڵەكەی تر كچەكەیان بچووك بوو بۆیە مارەدەكرا بەڵام دەبوو لە داهاتوودا بگوازرێتەوە. هەندێ جار دەبووایە دوو ژن بدەن لە بەرامبەر ژنێكی

گەورەو ئامادە، لە کاتێدا ماڵی دووەم کچەکانیان بچووکە و هیچ شتێك لە بارەی بابەتەکەوە نازانن. جاری وا هەبوو لایەنی دووەم بیانووی دەگرت بەوەی کە ئەوکاتە کچەکانی منداڵ بووە بۆیە تەنها یەکێکیان دەدا، بۆ ئەوەی بە کچەکەی تر ژن بۆ کوڕێکی تر بهێنن (کوردستانی نوێ، ژ1659، 1998/7/22، 5). ئەم جۆرە ژنهێنانە کەم بۆوەو(فائیزە عیزەت محەمەد، هەولێر، 2021/9/8).

**3- ژن بە نەخت:** ئەم جۆرە ژن و ژنخوازییە زیاتر لە شارەکاندا ئەنجام دەدرا، کوڕێك هەڵدەستا خوازبێنی کچێکی دەکرد و بە ئارەزووی خۆی هەڵی دەبژارد، ئەم شێوازە هاوسەرگیرییە سەرکەوتوو تر بوو لە بنیاتنانی خێزان و کەمتر کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوتەوە. ئەم جۆرە ژنهێنانە لەم ماوەیەدا بەرێژیەکی بەرچاو هەبوو، (عبدالله خورشید عبدالله، هەولێر، 2021/9/13) بەڵام ڕۆژنامەو گۆڤارەکان باسیان نەکردوە، چونکە پرۆسەیەکی ژنهێنانی ئاسایی بوو. واتە کردارێکی ناوازەو سەرنجراکێش نەبووە تا ڕۆژنامەنووسان لەبارەیەوە بنووسن.

**4- ژندان لە تۆڵەی خوێندا:** جۆرێکی تر بوو لە ستەمکردن لە ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەریدا، کە لەرێکەوتنە و کەسی یان عەشیرەتی بوو. ماڵی بکوژەکە ناچارن لە پێناو کوژاندنەوەی ئاگری شەڕەکەو زیاتر تێکەڵ بوون لەگەڵ نەیارەکەیاندا کچێك یان زیاتر ببەخشن بە ماڵە کوژراوەکە. لەم جۆرە ژنهێنانە زۆربەی جار کچەکە ژیانێکی ناخۆشی دەبوو و لە لایەن ماڵی خەزوورانی هەمووکات شەڕی پێ دەفرۆشرا وتوانجی لێدەدراو بەچاوی سووك سەیر دەکرا، پێیان دەگووت تۆ لە تۆڵەی خوێن وەرگیراوی، نەدەبوو هیچ قسەیەکی بکردایە و بتۆری چونکە لەوانەبوو ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕیکەوتنەکە. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ماڵی باوکی کچەکە ئاگاداری ئەم دۆخەی کچەکەیان بوون. (کوردستانی نوێ، ژ1659، 1998/7/22، 5).

**5- ڕەدوکەتن:** لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی قووڵی نێوان کوڕو کچ دەهاتە کایەوە. دوای ئەوەی کوڕەکە دەچووە خوازبێنی کچەکە بەڵام ڕەزمەندی نەدەدرا، بەهۆی دابونەریتی خێزانەکە و دوای چاوەڕوانی و ململانێکی زۆر بڕیاری ڕەدوکەوتن دەدەن، کوڕەکە کچەکەی ئاگاداردەکردەوە و لە شەوێکی دیاریکراودا لە شوێنك چاوڕوانی کچەکەی دەکرد، کچەکەش کەلوپەلی لە بوخچەیەك دەپێچایەوە، دوای نوستنی ئەندامانی خێزانەکەی دەرۆیشتە دەرەوە و خۆی دەگەیاندە شوێنە دیارییکراوەکە، چەند کەسێکیش ئاگاداری کوڕو کچەکە دەبوون تاوەکو لە ماڵە باوانی کچەکە دوور دەکەوتنەوە و دەیانبردنە ماڵی ئاغایەك یان کێخوایەك. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك باوانی کوڕەکە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەچوون بۆ لای ئاغا بۆ ڕاوێژکرد، دواتریش لەگەڵ مەلای گوندەکە دەچوون بەرەو دیوانی ئاغا، چەند پیاوێك دەچوونە خزمەتی دواتریش دەنێردرا بە دوای ماڵە باوانی کچەکە هەردوولا لە ژێر فشاری ئاغا ڕێکدەکەوتن و پاشان دەچوونەوە گوندی خۆیان (کەلەپوری کورد، ژ11ئەیلولی1997، 52-59). ئەم زانیارییە لەگۆڤارێکدا نووسراوە کە ساڵی 1997 دەرچووە. بەڵام زیاتر پێدەچێ کە باسی ساڵانی بەر لە نۆهەتەکان بکات، چونکە بەگوتەی هەندێ کەسی هاوچەرخ ئەم دیاردەیە لەساڵانی نۆهەتەکان زۆر کەم ببوو. (سەید ئەحمەد سەید عبدالوهاب، هەولێر.2021/8/29؛ فائیزە عیزەت، هەولێر، 2021/9/8). بەڵام هەندێ ڕووداوی ڕەدوکەوتن جار جارە ڕوویانیداوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ڕۆژنامەی (برایەتی) باسی حاڵەتێکی لەم جۆرەی کردووە (برایەتی، ژ 2656، 1998/8/26، 4).

سەبارەت بە نەریتی مارە بڕین و بووك گواستنەوە لە گۆڤاری کەلەپوری کورد باس لە چەند نەریتێك کراوە؛ بەکورتی بەگوێرەی شەرعی ئیسلام و دابونەریتەکانی کورد کچ و کوڕەکە لە یەکتری مارە دەکران، هەروەها لەکاتی مارەکردن لە ترسی نوشتە و جادوو نەدەبوو پەنجە بتەقێنن یان پەت و دەرزوو گرێبدرێت، دوای ئەوەی لە لایەن زانایێکی ئایینییەوە مارەبڕین تەواو دەبوو شیرینی دەخورایەوە (کەلەپووری کورد، ژ7 ئەیلوولی1995، 23). هەرچەندە نووسەری ئەم ووتارە باسی حالەتێکی هەنووکەیی ناکات وزیاتر پێدەچێ مەبەستی نەریتی سەردەمانی پێشوو بێ. بەڵام لەساڵانی نۆهەتەکانیش ئەم نەریتە گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، وەکو لەکەسانی هاوچەرخم بیستووە.(نیشتمان بەشیر محەمەد ، هەولێر، 2021/9/9). هەر لەپرۆسەی مارەبڕین دیارە هەندێ نەریتی دیکەش هەبوو؛ بەڵام لەڕۆژنامەکانی ئەو ماوەیەدا باسیان نەکراوە. وەکو ئەوەی دوای چەند ڕۆژێك لە مارەبڕین ماڵی زاوا لەگەڵ چەند

دەستگیرانداریيان بۆ بووك دەبرد. هەروەها ژنێکی خانەدانیان هەڵدەبژارد تاوەکو ئەلقە بخاتە پەنجەی بووك و ئاڵتونەکانی پێوە بکات، ئەمە لە ڕیورەسمێکی بچووك بەرێوە دەچوو، لە هەندێك خێزانی داخراویشدا نەدەبوو زاوا لەو ڕێورەسمە ئامادەبێت (ئەمین، 2012، 53). هەندێ جار ئاهەنگی خەنەبەندانیش هەبوو کە تایبەت بوو بە ئافرەتان. کە لە ماڵی بووك کۆدەبوونەوە و دەستوقاچی خۆیان و بووکیان سوور دەکرد و ئاهەنگیان دەگێڕا(خەلیقی، 1992، بگ2، 45). سەبارەت بەشەوی بووك گواستنەوە، بەگوتەی ڕۆژنامەنووسێك لەو سەردەمەدا نەریتێکی تاڕاددەیەك نوێ پەیدابووە، ئەویش مەولود خوێندنەوە بوو لەو شەوەدا (برایەتی، ژ2620، 1998/7/6، 8). پەیوەست بەئاهەنگی

بووك گواستنەوەش باسی ئەوە کراوە کە لەدوای ئامادەکردنی بارگەی بووك، ڕۆژی گواستنەوە دیاری دەکرا و خزم و کەسیان بانگێشت دەکرد، لەو سەردەمەدا ئاهەنگی بووك گواستنەوە بەزۆری لە یانەکان ئەنجام دەدرا. بەمەبەستی ڕازاندنەوە بووکەکە دەبرایە ئارایشتگا و کراسی سپییان لەبەر دەکرد کە شێوازێکی مۆدێرنی ئەورووپی بوو هێنرابووە ناو کۆمەڵگەی کوردی. هەروەها قژی بووکیان مێش یان نیگرۆ دەکرد. دوای تەواو بوونی لە ئاریشگا زاوا لە گەڵ چەند ئۆتومبێلێك ئامادە دەکرا بەرەو ئارایشتگا بەڕێ دەکەوتن، دواتریش دەچوون بۆ وێنەگرتن چەند وێنەێکیان وەکو یادگاری دەگرت، لە پاش وێنەگرتن دەچوونە یانەکە بەمەبەستی ئاهەنگ گێڕان، لەوێش تیپی هونەری و موسیقا ئاهەنگەکەیان بەڕێوەدەبرد، لە ناو ئاهەنگەشدا بووك و زاوا هەڵدەپڕین و هەندێکجار سەماشیان دەکرد کە شێوازێکی ئەورووپی بوو هاتبووە ناو کۆمەڵگای کوردی (برایەتی، ژ2267، 1997/2/2، 6). (کوردستانی نوێ، ژ1451، 1997/8/19، 5). لە ئاهەنگەکەدا خەڵکی شاییان دەکرد و کچ و کوڕەکان دەستی یەکتریان دەگرت و سەرچۆپی کێشیش دەستەسرێك یاخود شتێکی بەدەستەوە دەگرت و هەڵپەرکێکەی گەرمتر دەکرد. بەمجۆە شاییەش کە ئافرەت و پیاو تێکەڵ بوون دەگوترا ڕەشبەڵەك (کاروان، ژ107، کانوونی دووەمی1997، 85).

لە ڕۆژنامەی برایەتی ووتارێك بە ناونیشانی (زەماوندی ژنهێنان یان ژنهێنانی حیزب) بڵاوکراوەتەوەو ئەوەمان پیشان دەدات کە بەهۆی بارودۆخی سیاسی هەندێ نەریتی نوێ لە بۆنەی بووك گواستنەوەدا بە دیار کەوتوون؛ دیارە بارودۆخی شەڕ کاریگەری کردبووە سەر ئاهەنگی بووك گواستنەوەش، چونکە ژمارەیەك خەڵك لە کاتی ئاهەنگەکەدا چەکیان هەڵدەگرت و هەندێجار تەقەش دەکرا، هەربۆیە لاینگری حیزبایەتی بە بووك گواستنەوەکان دیاربوو (برایەتی، ژ1936، 1994/5/3، 8).

دیاردەیەکی ناشیرینی تر کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ناونیشانی (ئاهەنگی بووك گواستنەوەو دیاردەیێکی نابەجێ) باسکراوە، بریتی بوو لە شاباش کردن. کە هەر لەسەرەتای ئاهەنگەکەوە دەستپێدەکرد تاوەکو کۆتایی، لەسەرەتادا بڕی پارەکە کەم بوو دواتر زیادی دەکرد، بەم هۆیەوە بڕە پاریەکی باش لە لایەن تیپی مۆسیقاکەوە کۆدەکرایەوە هەندێجار بڕەکەی دەگەیشتە چەند هەزار دیناری ئەوکات، لەوکاتەدا ئاهەنگەکەش تێکەڵ بە بارودۆخە سیاسییەکە دەکرا، بۆ نمونە شاباش کردن لەسەر شەرەفی سەرکردە سیاسیەکانی هەردوو حیزبی سەرەکی (پارتی ویەکێتی). هەربۆیە زۆربەی ئاهەنگەکەش لە جیاتی گۆرانی گوتن بە شاباش بەڕێدەکرا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە باردۆخی ئابووری کوردستان خراپ بوو (کوردستانی نوێ، ژ660، 1992/8/12، 5)؛(کوردستانی نوێ، ژ 163، 1992/8/12، 5). یەکێکی تر لە ئەدگارە ناشرینەکان کە لە ئاهەنگەکان دەبینرا، دەمەقاڵی وشەڕکردن بوو لەسەر گرتنی سەرچۆپی و هەندێکجار چەکیان دژ بە یەکتری بەکاردەهێنا، سەرەنجام کوژراو و برینداری لێدەکەوتەوە (برایەتی، ژ2051، 1994/9/2، 5)؛( برایەتی، ژ 2637، 1998/5/20، 8). هەروەها هەندێك دیاردەی ناشرین تریش هەبوون کە لەو ڕۆژگارەدا باو بوون، وەکو تەقەی خۆشی، ئەویش لەکاتی ئاهەنگی بووك گواستنەوەدا دەکرا کە دەبووە هۆی بێزارکردنی خەڵك (کوردستانی نوێ، ژ 56، 1992/3/31، 5).

سەبارەت بە نەریتەکانی دوای بووك گواستنەوە، نەریتێك هەبوو کە لەناوچەی بادینان زیاتر پەیڕەو دەکرا، ئەویش بریتی بوو لە (سێ ڕۆژانە) کە ماڵی بووك هەڵدەستان بە ئامادەکردنی چەند خواردن وشیرینییەك بۆ بووك و زاوا، کە لە لایەن دوو کەسی ماڵی بووك دەنێردرا بۆ ماڵی زاوا. دوای نانخواردنیش پێوست بوو قاپەکان نەشۆردرێت و وەکو خۆی بۆ ماڵی دایکی بووك بگەرێندرێتەوە. ئەم نەریتە تاوەکو ئێستاش لە ناو خەڵکی ئەم ناوچەیە ماوە (مەگروم سەلیم یاسین، هەولێر، 2021/7/30). بەڵام لەڕۆژنامەکانی ئەم ماوەیەدا بەم شێوەیە باس نەکراوە. ئەگەرچی وەکو ناوی نەریتێك ئاماژەی پێکراوە؛ چونکە لە ڕۆژنامەی ڕابوون لە وتارێکدا باسی نەریتی سێ ڕۆژانە کراوە کە لە دوای سێ ڕۆژ لە بووك گواستنەوە ئەنجام دەدرا، ئەویش بەگوێری نووسەری ووتارکە ئەوەبوو کە خزم و کەس و دراوسێکان دەچوون بۆ ماڵی زاوا، هەر یەکەیان بە گوێرەی توانای خۆی بۆ هاوکاری ویارمەتیدانی خێزانە نوێیەکە دیارییەکی بۆ دەبرد (ڕابوون، ژ30، نیسانی1996، 5). بەڵام لە ڕاستیدا نووسەری ووتارەکە کەوتۆتە هەڵەوە چونکە ئەم نەریتە (حەفتیانە) بوو هەروەها دوای حەفت ڕۆژیش لەبووك گواستنەوە دەکرا نەك سێ ڕۆژ (نیشتمان بەشیر محەمەد، هەولێر، 2021/9/9).

**ب- تەعزیە و پرسەگرتن:**

بۆنەیەکی ناخۆش بوو بۆ خاوەن مردوو، سەبارەت بەم بۆنە ماتەمینییە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ماوەی توێژینەوەکەمان نووسینی کەمتریان نووسیوە. لەووتارێکدا باسی ئەوە کراوە کە ئەگەر کەسێك مردبا خرم و کەسی مردووەکە بەخێرایی بە هانایەوە دەچوون. هەندێکیان دەچوون بۆ گۆڕستان و قەبریان ئامادە دەکرد و هەندێکیش دەچوون بۆ بازاڕ بۆ کرینی قوماشی کفن. هەندێکی تریش مردووەکەیان دەشووشت و کفنیان دەکردو لە ناو تابوتێکیان دادەنا، دواتر دەچوون بۆ گۆڕستان، ناسیاوەکانی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوری خاوەن مردووەكە كۆدەبوونەوە و سەرەخۆشیان لێدەكرد و دوعایان بۆ مردووەكە دەكرد، دراوسێ و خزمەكانی نانی نیوەڕۆ و ئیوارەیان بۆخاوەن مردووەك ئامادە دەكرد. لە گوندەكانیش هەر لە كۆنەوە دابو نەریتەكە وابوو ئەگەر یەكێك بمردایە خەڵكی گوندەكە هەر كەس لای خۆیەوە چێشتێكی لێ دەنا و كاتی نانخواردن دەیهێنا بۆ ماڵە خاوەن

پرسكە و پێكەوە دەیانخوارد. بەم شێوازە نانخواردنە دەگوترا (شیوە غەریبە) (كوردستانی نوێ، ژ 217، 1992/10/19، 5). ئافرەتەكانیش بە شیوەن و لە خۆدان سینگی خۆیان دەكوتی، ئەگەر كەسێكیش ئەو شیوەنەی نەكردایە دواتر دەكەوتە بەر توانج. دیارە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووری كوردستانەوە شێوازی پرسەش گۆرانكاڕی بەسەرداهاتبوو، لە شاری سلێمانی پرسەی مردوو ببوو بە دوو ڕۆژ ئەویش تەنها دوای نیوەڕۆ تاوەكو پێش مەغریب. لە شاری هەولێریش مامۆستایانی ئایینی هەوڵیاندەدا شێوازێكی گونجاو بۆ پرسە دابندرێت (كوردستانی نوێ، ژ 1253، 1996،4/4/3)؛ (كوردستانی نوێ، ژ 1540،  1998/1/20، 5). بەڵام هەروەكو خۆی مابۆوە كە سێ ڕۆژی تەواو لەمزگەوت پرسە دادەنرا، بێجگە لە یەك دوو ڕۆژی دواتریش كە لەماڵ دادەنیشتن (سەید ئەحمەد سەید عبدالوهاب پێنجوێنی، هەولێر، 2021/8/29).

چەند نەریتێكی تریش لە كۆمەڵگەی كوردی بوونی هەبوو؛ وەكو ئەوەی كاتێك منداڵێكی تازە لەدایكدەبوو كەسوكاری منداڵەكە كلیان لە چاوی منداڵەكە دەدا پێیان وابوو بەمە چاوی گەش و جوان دەبێت (برایەتی، ژ 2513، 1998/1/26، 8). تاوەكو ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەم نەریتە ماوە. هەروەها كاتێك كەسێك قنچكە و بزدوكی لە چاوێكی  دەهات، چاوەكەی تریشیان بەكل ڕەش دەكرد بەو نیازەی چاوەكەی تریش لە حەزمەتان بتەقێ (برایەتی، ژ 2391، 1997/8/11، 6).

## باسی دووەم: بیروباوەڕە میللییەكان:

كۆمەڵگەی كوردی وەكو یەكێك لە كۆمەڵگەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست، لە دێر زمانەوە خاوەنی چەندین بیروباوەڕی میللی بووە كە بوونەتە بەشێك لە داب و نەریتی كوردواری. دیارە هەندێك لەو بیروباوڕانەش لە ئەنجامی باردۆخی سیاسی و هەلومەرجی ئابوری -كۆمەڵایەتی، ساڵانێكی زۆر لە هزری خەڵكی كوردستاندا ماونەتەوە و تەنانەت تا ساڵانی نۆهەدەكانی سەدەی بیستەمیش بەردوام بوون. بێ گومان زۆربەی ئەو بیروباوڕانەش نەرێنی بوون و بە هۆی هەڵە تێگەیشتن لە بنەماكانی ئاینی

پیرۆزی ئیسلام بەرە بەرە پەیدابوون. بۆیە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەردەوام هەوڵی لە ناوبردنی ئەو بیرو باوەڕانەیان داوە، ئەویش لە ڕێی نووسین ووتارو هۆشیارکردنەوە خوێنەران، وەکو لێرە بەدواوە دەبینین: باوەڕبوون بەنزرگەو سەردانیکردنی گۆڕی پیاوچاکان لە دیاریترین بیروباوەڕە میللییەکانی خەڵکی کوردستان بوو. خەڵکی بەمەبەستی بەدیهاتنی ڕازونیازەکانیان سەردانی ئەم مەزارگانەیان کردووە. تەنانەت هەندێ لەو شوێنە پیرۆزانە بە ڕووداوی موعجیزە بەناوبانگ بوون، جا ئەم شوێنە پەرستگایەك یان مزگەوتێك بوو، کە گۆڕی پیاوچاکێکی لێبوو، خەڵكانێك بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی یان کێشەوگرفتەکانیان سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد، باسی ئەوە دەکەن کە هەندێجار نەخۆشێك بە کۆڵ دەبرایە ئەو شوێنە و پاش کەمێك بە پێی خۆی دەڕۆیشتەوە و چاك دەبووەوە یان گوایە کوێرێك بە گۆچان دەچوو دەستیان دەگرت کەچی دوای سەردانیکردنی شوێنە پیرۆزەکە چاوی بە ڕوونی دەیبینی (برایەتی، ژ1806، 1993/11/27، 6).

ئاشکرایە کەچەندین مەزارگە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا هەن ، کەلای خەڵکی جۆرێك لە پیرۆزییان هەیە. یەکێك لەو مەزارگانە گۆڕی (شێخ وسو ڕەحمان) یان (ڕەبەن بۆیان) بوو کە مەزارگەیەکی هاوبەشی نێوان موسلمان و دیانەکانە لە شارۆچکەی شەقڵاوە. ئەوانەی سەردانی ئەم شوێنانەیان دەکرد زیاتر لە ئافرەتان بوون بە تایبەت ئەوانەی منداڵیان نەبوو ئەویش بە مەبەستی منداڵبوون. لەم مەزارگەیەدا ئەشکەوتێك هەیە لەپێش دەرگاکەی بەردێکی پان و لێژی لێیە کە بەسەر هەڵدێرەکەوە دەڕوانێت، ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان نەدەبوو خۆیان لە بەردەکە دەخشاند و خۆیان دەهاویشتە خوارەوە و یەکێکیش لە کۆتایی بەردەکە دەیگرێتەوە تاوەکو لە هەڵدێرەکە نەکەوێتە خوارەوە، بەو شێوازە داوای ڕازونیازەکانی منداڵبوونیان لە پیاو چاکەکە دەکرد(دەنگارە، ژ 1، 1998 ، 26-27).

بۆچونێکی تریش لە بارەی مەزارگەی شێخ وسو ڕەحمان هەیە ، دەگوترێت لە بەشی چەپی ئەشکەوتەکە کونێکی بچووکی تێدایە، ئەوانەی زیارەتیان دەکرد حەوت بەردی بچوکیان تێدەکرد ئەگەر بەردەکان لەودیوی کونەکەوە دەرچووبان ئەوا ئەو کەسە بە ئاواتی خۆی دەگەیشت (کوردستانی نوێ، ژ 394، 1993/5/21، 8). هەر سەبارەت بە مەزارگەی شێخ وسو ڕەحمان، لەووتارێکی ڕۆژنامەوانیدا باس لەوەش دەکرێت کە لای موسڵمانان و مەسیحیەکانیش هەمان پیرۆزی هەبووە، هەر بەمەبەستی منداڵبوون ئافرەتەکان شەوان لەگەڵ مێردەکانیان لەو شوێنەدا دەمانەوە و خۆیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەخیلی ئەو چاكە دەكرد بە ئامانجی ئەوەی مرازیان بێتەدی و منالْیان ببێت (برایەتی، ژ 2650، 1998/6/8، 8).هەروەها لە دەڤەری چەمچەماڵ ئاشێكی لێبوو بەناوی ئاشی (شێخی نەمر)، وەكو جێگایەكی نزرگە و پیرۆز لەلایەن خەڵكی ناوچەكەوە سەیر دەكرا و بە ڕێزەوە دەیانڕوانییە داروبەردەكەی، خەڵكی بڕوایان وابوو كە ئەگەر هاتوو كەسێك بیویستبایە زەرەروزیانێك بە شوێنكە بگەیەنێت خۆی تووشی زەرەر دەبێ (كوردستانی نوێ، ژ 814، 1994/10/19، 8).
لەهەولێریش نەریتێكی تایبەت هەبوو كە ڕۆژی چوارشەممەی دوای نەورۆز لە شار دەردەچوون، بەم ڕۆژە دەگوترا (قەرە چوارشەممە)، لەم رۆژەدا خەڵك سەردانی پیر و پیاوچاكەكانیان دەكرد و گەنجان دەستیان دەكرد بە شایی و ڕەشبەڵەك تاوەكو ئیوارە خۆشیان دەردەبڕی، گەڕەكەكانی سێتاقان و سەیداوە دەچوونە سەر مەزاری(سەید مەعروف)، بەڵام گەڕەكەكانی تر دەچوونە سەر مەزاری (شێخ محەمەد خوراسانی)یان مەزاری(بێل ئیمام یان چاكی بن عاردی). خەڵكی بە نیازی مرازحاسڵ بوون بەردیان لە كێلی گۆڕەكان دەخشاند ئەگەر بیگرتبا بڕوایان وابوو كە مرازەكەیان جێبەجێ دەبێ، یان جۆلّلانەیان دروست دەكرد و وردەبەردیان تێدەكرد ئەگەر هاتوو جۆلانەكە بهەژابایە مانای وابوو مرازیان جێبەجێ بووە (برایەتی، ژ2303، 1997/4/2، 8). هەروەها مەزارگەی (ستی ئیمام یان شای ئافرەتانی هەولێر)هەبوو، ئافرەتانی هەولێر لە ڕۆژانی شەممە و چوارشەممە دەچوون بەمەبەستی زیارەتكردنی بە
یەكێكی تر لە بیروباوەڕە میللییە باوەكانی كۆمەڵگەی كوردستان بریتی بوو لە باوەڕبوون بە (نووشتەو فاڵ)، ئەم دیاردەیەش دیسانەوە زیاتر لە ناو ئافرەتان باو بوو و بازاڕێكی گەرمی هەبوو. كەسانێك بە تامەزرۆوە بەدوای ئەم كارە دەگەڕان، بۆیە ئەو كەسەی كە نووشتەی دەكرد بە شێوەیەكی زۆر زیرەكانە داهاتی خۆی پێ پەیدا دەكرد و هاوشێوەی نۆڕینگەی پزیشكی شوێنێكی تایبەتی هەبوو. پەنابردن بۆ نوشتە و فاڵ چەندین هۆكاری هەبووە، پەیوەست بووە بە هەندێ ڕووداوی نهێنی و ژیانی تایبەتی خەڵكەوە، هەندێجار كەسێك دزی لێدەكرا دەیویست لەو ڕێگەیەوە دزەكە بدۆزێتەوە، یان كاتێك گەنجێك دەویست دڵی كچێك بەدەستبهێنێت یان باوك و دایكی رازی بكات ئەم كارە دەكرا، جاری واهەبووە ژن لای هاوسەرەكەی خۆشەویست دەكرا، یان بەمەبەستی نانەوەی ئاژاوە لە نێو ماڵێكی تر، زۆرجاریش بۆ لەبەرچاوخستنی ژنێك لە بۆ هاوسەرەكەی دیسانەوە پەنا بۆ ئەم كارە براوە، ئەمەش جگە لە كێشە و گرفتی نێوان خێزانەكان تەنانەت هەندێجار تەلاقیشی لێكەوتۆتەوە، بەڵام هەندێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جاریش ژنەکە بە بابەتەکەی زانیوە و هەستیپێکردووە کەسێکی ناحەز نووشتەی لە دژی کردووە، بۆ ئەم مەبەسەش چووەتە لای شێخی نووشتەنووس بە نووشتەیەکی تر هەوڵیداوە نووشتەکە بەتاڵ بکاتەوە. سەبارەت بە نرخ و شێوازی نوشتەکان بێگۆمان جیاوازی هەبووە، بەگوێرەی توانای ماددی کەسەکە جۆری نوشتەکەی بۆ کراوە، ئەگەر کەسێك بیویستبایە نووشتەکەی گرنگ بێت و یەکسەر کاری خۆی بکات پێویست بوو پارچەیەك زێڕ یاخود بڕە پارەیەکی باش بە شێخەکە بدات، ئەمەش بە هۆی هەندێ کەرەستەی تایبەت بە نوشتە کە لای ئەوانەی ئەم کارە دەکەن دەستدەکەوت. جا ئەگەر یەکێك دوعا و نووشتەکەی ئەنجامی هەبوایە دەنگدانەوەیەکی زۆردەبوو و بانگەشەی زیاتریان بۆ دەکرد تاوەکو خەڵکی زیاتر ڕووی تێبکەن. نرخی نووشتەکانیش جیاواز بوون خەڵك باوەڕیان وابوو تا نووشتەکە گرانتر بێت کاریگەری باشتری دەبێ (دیموکراسی، ژ 5، 1992 ، 31)؛ (یەکگرتوو، ژ114، 1996/11/29، 5). بڕوابوون بە (شەوە) وەکو مەترسییەك بۆ سەر منداڵی تازەلەدایك بوو یەکێکی تر بوو لە باوەرە باوەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ڕابردوودا، کەسیش نەیدەزانی ئایا شەوە پیاوە یان ئافرەت یاخود جنۆکە، هەندێك پێیان وابوو کە شەوە جنۆکەیە، بۆ خۆپارێزیش لەم مەترسییە کاتێك ئافرەتێك منداڵی دەبوو دەزوو یان سنجاقیان لە سەر سنگی منداڵەکە دەدا بۆ ئەوەی شەوە نزیکی نەکەوێتەوە. هەروەها (شەواره)یان بۆ دەبەست. کە وەك پاسەوانیکردن بوو لەمنداڵەکە. ئەویش بەپێی ناوچەکان جیاواز بوو؛ بۆ نمونە لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری لە یەکەم شەوی لە دایك بوونیەوە تاوەکو حەوت شەوی تەواو خزم وکەس و هەندێ دراوسێ لەدوای بانگی ئێواران دەچوون بۆ ماڵەکەو دەست دەکرا بە یاری کردن و گێرانەوەی قسەی خۆش ونەستەق (کەلەپوری کورد، ژ2، نەورۆزی1993، 167، 170).

پەیوەست بەبیروباوەڕی خەڵکی باشوری کوردستان سەبارەت بە بارانبارینیش، لە گۆڤاری (کەلەپوری کورد) باس لە چەند نەریتێك کراوە کە لە ناوچە جیاوازەکان بۆ داواکردنی باران پەیڕەو دەکرا، وەکو بووکە بەبارانێ، (کەلەپوری کورد، ژ1، 1992، 77-81). بەڵام ئەم ووتارە تەنیا باسی ئەو نەریتانە دەکات کە لەسەردەمانی پێشتر لەکوردستاندا هەبوون. واتە باسی ڕووداوێك ناکات کە لەساڵانی نۆهەتەکان ڕوویاندابێ بەهەمان شێوە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی تریش وەکو ڕووداو پێشهات هیچ شتێکی لەمجۆرە باس ناکەن.پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەنێو بەشێکی توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکانیش هەندێ بیروباوەڕی چەوت و بەلارێ داچوو باو بوو، بەتایبەتی لەبابەتی بڕوابوون بوو بە کەلوەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(بورجەکان)، ئەمەش پەیوەست بوو بە ڕۆژ ومانگی لەدایکبوونی کەسەکانەوە، بۆیە بەشێکی ڕۆژنامەکان گۆشەیەکی رۆژنامەکەیان بۆئەم بابەتە تەرخانکردبوو، وەکو گۆڤاری سیخورمە (سیخورمە، ژ1، کانوونی دووەمی1997، 7).

بێجگە لەهەموو ئەوانە، خەڵکی کوردستان هەندێ بیروباوەڕی میللی تریشیان هەبوو کە لەڕۆژنامەکانی ئەو ماوەیەدا ئاژەی پێنەدراوە؛ وەکو باوەڕبوون بە چاووزار، دیارە چەند هانگاوێکیشیان دەگرتەبەر بۆئەوەی دووربوون لەمەترسییەکانی: هەندێك خەڵك بڕوایان وابوو کە پیسی هەر بەپیسی لادەچێت بۆیە پاشماوەی ئاژەڵیان لەسەر دەغڵودان دادەنا. هەروەها لەپکە شینەیان لە شان و ناوچەوانی منداڵ دەدا، یان هەندێك لە دایکەکان جلو بەرگی جوانیان لەبەر منداڵەکان نەدەکرد تاوەکو دووربن لە چاووزار. هەروەها بۆ پاراستنی ماڵ و خانوو لە چاوی پیس هەندێك کەس (کوژەکەی شین یاخود ناڵی ئەسپ)یان لە ماڵەکەیان. هەندێ جاریش ئەگەر کەسێك شتێکی بە نرخی بکڕیبایە بە مەبەستی خۆپارێزی لە چاوی پیس ئاژەڵێکی بۆ سەر دەبڕی (سورگوڵ ئەمین محەمەد، هەولێر، 2021/8/26).

## تەوەری دووەم: ڕۆڵ وپایەی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا:

ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە باسی ئافرەت و مافەکانیان بەگشتی لەڕۆژنامەنووسی کوردی گرنگیان پێدراوە، لەبەر ئەوە دەبینین لەم ماوەیەدا پرســەکانی ئافرەت پانتاییەکی فراوانیان لە نێو رژژنامەکاندا داگیر کردووە وزیاتر مەبەســتیان بووە ئافرەتی کورد هۆشــیار بکەنەوە لە مەڕ ماف وداوکاریەکانیان. بێگومان بەشــێکی بەرچاوی ئەو جۆرە ووتارانەش لەلایەن ئافرەتان خۆیان نووسراون.

سەبارەت بەتێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئافرەت، ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازاردی) ئاماژەی بۆ سێ جۆری هەڵوێســت وبیرکردنەوە کردووە؛ جۆری یەکەمیان ئافرەتی لە هەموو مافەکانی بێبەش کردووە، ڕێگەی نەداوە ئافرەت بیروڕای خۆی بە ئازادی دەربڕێت و بتوانێ چارەنووســی خۆی دیاری بکات، هەندێکی تر لە خێزانەکان ئازادییان بەشــێوەیەکی کەم و لە ســنورێکی دیاریکراودا بە ئافرەتەکان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك خێزان کە بەشێکی کەمی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن، هەموو جۆرە ســەربەســتی و مافێکیان بە ئافرەت داوە و ڕێگەیان داوە ڕۆڵی خۆی لە ناو کۆمەڵگەدا ببینێت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەنانەت ببێتە سـیاسـەتمەدار و لە ناو ڕێکخراوەکانی ئافرەتاندا کار بکات (ئاڵای ئازادی،ژ 174، 1998/6/18 ، 4).

هەندێکی دی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان ووتارەکانیان بۆ بە بیرهێنانەوەی ڕۆڵی ئافرەتانی ناوداری کورد تەرخانکردووە. بەو پێیەی ئافرەتانی کورد هەر لە کۆنەوە پێگەی بەرچاویان لە خەبات و شـۆڕش وراپەڕینەکاندا هەبووە. بەهەمانشـێوە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانیش، نمونەی ئەو ئافرەتە ناودارانەش حەپسـە خانی نەقیب، خانزادی سـۆران، زێڕینای ئامێدی، عادیلە خانم و قەدم خێر (برایەتی، ژ 2539، 1998/3/4، 6).

هەندێك لە ووتارەکان بۆ داواکردنی مافی سـیاسـی ئافرەتان نووسـرابوون. ئاشـکرایە کە لە دوای ڕاپەڕینیش ئافرەتان ئەگەرچی بەشـێوەیەکی بەرچاویش نەبێت، بەڵام هەندێك مافیان بۆ دەستەبەر کرا، وەکو ئازادی ڕادەربڕین و بەشـداریکردنیان لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، تادەگاتە بەشـداریکردنیان لە حکومەت و پەرلەمان، (کوردسـتانی نوێ، ژ 622، 1994/3/8 ، 6). ئەوەبوو لە یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان ڕێژەی7% یان بۆ دیاری کرابوو، بۆیە لە کۆی(105)کورسی پەرلەمان (9) کورسی بۆ ئافرەتان دیاری کرا. بەڵام بەهۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئەوکاتەی کوردسـتان پەرلەمان نەیانتوانی یاسـای نوێ دەربکات و گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئافرەتان بکات. هەروەها ئەو نەهامەتییەی کە بەهۆی شـەڕەوە توشی خەڵکی کوردسـتان بوو بەشـێکی زۆری کاریگەرییەکانی لەسـەر ڕەگەزی مێ بەدیارکەوت (گەرمیانی، 2015، 12). سـەرەڕای ئەوەش لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردسـتان چەند یاسـایەك دەرکرا کە پەیوندییان بە مافەکانی ئافرەتانەوە هەبوو، بەجۆرێك کە گۆڕانکاری گەورەیان لەکۆمەڵگەدا دەروست کرد؛ وەکو چەسپاندنی یەکسـانی نێوان هەردوو ڕەگەز لەبوارە جیا جیاکان. هەروەها تێبینی بەشـداریکردنی ئافرەتان دەکرێ لەزۆربەی بوارکاندا. بەتایبەتی بەشـداری کردنیان لە بوارە کۆمەڵایەتیەکان و دامەزراندانی چەندان ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە ئافرەتان و سەرپەرشتی ئەم ڕێکخراوانەش لە لایەن ئافرەتان خۆیانەوە بوو (شـێراوەیی، 2021، 172). هەروەها ئافرەتانی کوردسـتان توانیان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا پێگەیان هەبێت، یەکێك لەو ئافرەتانە(کافیە سلێمان) بوو، کە لە یەکەمین کابینەی وزاری حکومەتی هەرێم وەزیری شارەوانی و هاوکات سەرۆکی یەکێتی ژنانی کوردستانیش بوو. دوابەدوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵوەشـانەوەی کابینەی یەکەمی حکومەت، لە پێکهێنانی کابینەی دووەمیشـدا ناوبراو جارێکی تر بە وەزیر دیاریکرایەوە (قەرەداغی، 2018، 100).

هەر لەم ماوەیەدا ئافرەتانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە بەشداری کردن لە پرۆسەی خۆیندن و ســاڵ لە دوای ســاڵ ژمارەیان زیاتر دەبوو، بە ئەندازەیەك کە لە ســەرجەم کۆلیژو پەیمانگا و قوتابخانەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نەبوو. ئەمەش بەگوتەی نووســەرێکی ئافرەت ئەوە دەگەیەنێت ئافرەتی کورد لە هەر بوارێکدا هەلی بۆ بڕەخســێت دەتوانێت ســەرکەوتن بەدەســت بهێنیت و ڕۆڵی کاریگەر لە پێشــخســتنی کۆمەڵگەی کوردیدا بگێڕێت (برایەتی، ژ 2617، 1998/7/1، 5). وێســتگەیەکی تری ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتانی باشــووری کوردســتان لەم ماوەیەدا، بریتییە لەبەشــداریکردنیان لە کاری ڕێکخراوەیی و پەیوەندی و هەماهەنگییان لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان،ئەویش لەڕیگەی ســەردانیکردن بۆ وڵاتانی دەرەوە و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی

دیموکراتی جیهان، کە بە شـێوەیەکی گشـتی تێیدا کێشـەوگرفتەکان و ژیانی ئافرەتانی کوردسـتان دەخرانە بەرباس و گفتوگۆ (برایەتی، ژ1892، 1994/3/28، 6).ســەرباری ئەو کار و ئەرکانەی ئافرەتانی کورد لەو ڕۆژگارەدا پێی هەڵسـاون، ئەرکێکی تریشـیان هەبووە، ئەویش هەوڵەکانیان بووە بۆ ڕاگرتنی شـەڕی ناوخۆی کوردسـتان، بۆ ئەم مەبەسـتەش یەکێتی ژنانی کوردسـتان ڕێپێوانیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردسـتان ئەنجامداوە، چونکە لە شـەڕەکاندا دەرئەنجامە قورسـەکە بۆ ئافرەت بووە، بەهۆی ئەوەی منداڵەکانیان هەتیوو دەبوون و خۆشــیان بێوەژن دەکەوتن. هەروەها ئافرەتان توانیان چەند کارێکی تر ئەنجام بدەن وهەوڵی نەهێشــتنی هەندێ دیاردەی نەگونجاو بدەن، وەکو کەمکردنەوەی پرســە بۆ دوو ڕۆژ ودابەش نەکردنی شــیرینی لەســەر قەبران وکردنەوەی قوتابخانە بەمەبەسـتی نەهێشـتنی نەخوێندەواری. لە هەموو ئەم کارانەشـدا ئافرەتانی شـار هەلی زیاتریان بۆ ڕەخساوە بەراورد بە ئافرەتانی لادێ (کوردستانی نوێ، ژ1131، 1995/11/5،4).

لەســەرێکی ترەوە، ڕوناکبیرانی ئەم ماوەیە لە ڕێگای نوســینەکانیان لە ڕۆژنامەکانەوە هەوڵیانداوە کۆمەڵگە هۆشــیار بکەنەوە، کەریم شــەریف قەرەچەتانی لە ووتارێکدا لە (ڕۆژنامەی برایەتی) بەناونیشــانی (یەکســانی ئافرەت وپیاو گەیشــت بەکوێ)، دەنوســێت "زۆرێك لە خەڵکی بە ڕەوایان نەدەزانی کە ئافرەت وپیاو هاوشــان بن، لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هانی کوڕ دراوە بە پێچەوانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کچەوە. گرفتەکە لەوەدا ئاڵۆزتر دەبێت کاتێك دەبینرێ کە ئافرەت خۆیشی کەوتبووە گومان دەرباری ڕەگەزەکەی خۆی، بەتایبەت لەو کاتانەوەی ئافرەتان دەگەیشتنە یەکتری بەمشێوەیە باسی نێرو مێیان دەکرد: (کوڕت نەمرێ، برات نەمرێ، بە دایکی کوڕان بیت) ئەمەش وای دەکرد ئافرەتەکە خۆی بەکەمتر بێتە بەرچاو ولایەنگری پیاوان بکات"(برایەتی، ژ 1924، 1994/5/10، 6). هەروەها لە هەندێك خێزاندا جیاوازییان کردووە لە نێوان کوڕو کچەکانیاندا، کە زیاتر گرنگیان بە هەبوونی کوڕەکانیان دەدا بەراورد بە کچەکانیان (برایەتی، ژ2403 1997/6/26، 6).

ڕۆژنامەنووسەکان لەو بڕوایەدا بوون ناکرێت ئافرەت تەنها لە ماڵەوە بێت، بۆیە ئەوان لە ووتارەکانیان داوای هەڵگرتنی چەوسانەوەی ئافرەتانیان دەکردو هەوڵیانداوە ئافرەت لە کۆت وبەندەکان ڕزگاربکەن، لە چاوپیکەوتنێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەگەڵ چالاکوانێکی ئافرەت بەناوی (سۆزان مشیری)دا بە ناونیشانی (هۆیەکانی چەوسانەوەی ژن و بۆچوونێکی تر)، ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە بەشی زۆری پێشکەوتن لەڕێگای گۆڕانکارییەوە ڕوودەدات و قۆناغەکانی گەشەسەندن بە لەسەرخۆیی دەبێت و ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، نموونەش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە لە ساڵانی شەستەکان بەدەگمەن ئافرەت دەبینرا فەرمانبەر بووبێت، بەڵام دواتر ئافرەت لە تەك پیاو کاریان کرد، وەکو پزیشك ئەندازیار و مامۆستا.......هتد. لەگەڵ ئەوەشدا کاروباری ماڵەوەشیان بەڕێوە دەبرد (کوردستانی نوێ، ژ 522، 1993/10/29، 6). هەندێك لەڕۆژنامەکان بەتایبەتی ئەوانەی پارت ورێکخراوە ئیسلامییەکان دەریاندەکرد، سەربەستی ئافرەتانیان تەنیا لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا دەبینییەوە. ئەوان دەیانگوت مافەکانی ئافرەت لە

چوارچێوەی ئاینی ئیسلامدایەو پێویستە ئافرەتانی کورد زیاتر پەیوست بن بە جلو بەرگی ئیسلامی، بەبۆچوونی ئەوان هیچ ئایینێك هێندەی ئایینی ئیسلام بەها و ڕێزی بۆ ئافرەت دانەناوە، ئەمەش بە ڕوونی لە ووتارەکانیاندا ڕەنگی داوتەوە (یەکگرتوو، ژ 117، 1996/12/20، 5)  بەگشتی دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئافرەتانی کورد سەرەڕای هەبوونی چەندین ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنیان، بەڵام لەم ماوەیەدا توانیان چەندین کار ئەنجام بدەن کە لە قۆناغەکانی پێشووتر بەزۆری تایبەت بوو بە پیاوان وەکو کاری بازرگانی، ئەکتەری، بێژەری، پۆلیسی(کوردستانی نوێ ژ100، 1992/4/19، 8)؛ (کوردستانی نوێ، ژ 395، 1993،8/5/23) ؛(برایەتی ، ژ 2342، 1997/6/2، 8) ؛(ڕەواندزی، ژ 2632، 1998/7/23، 5). هەروەها لەدوای ڕاپەڕین ئافرەتانی کوردستان ساڵانە یادی ڕۆژی(8)ی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاداریان کردۆتەوە کە بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ناســـراوە، بەتایبەتیش لەدامودەزگاکانی حکومەت ئاهەنگی ســـاڵڕۆژی جیهانی ئافرەتانیان دەگێراو کاربەدەســـتانی حکومەتیش بەشـــداریان لە ئـاهـەنگـەکـەدا دەکرد (برایـەتی، ژ2541، 1998/3/8، 6)؛ (برایـەتی، ژ 2524، 1998/3/9، 4). لەکۆتاییدا پێویســـتە ئەوە بڵێین ئەگەرچی لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری1991 هەلومەرجێکی باش ڕەخسـا بۆ بەرەوپێشـچوونی ئافرەتانی کوردسـتان وتوانیان بە شـێوازێکی دیار ڕۆڵی خۆیان ببینن، بەڵام چەوســـانەوەو کوشـــتنی ئافرەتان هەر مابوو تەنانەت یاســـاش نەیتوانی کێشـــەی ئافرەتان بەتەواوی چارەسەر بکات، بە تایبەت لەبارێکدا ئەگەر کێشەی ئابڕو شەرەف بووایە، لەو بارەدا تاوانبار تەنها سزای (مافی گشتی/ حق العام) دەدرا کە ئەویش تەنها شەش مانگ بوو، هەرچەندە ئافرەتەکشی بکوشتبایە (ڕێگای کوردستان، ژ 251، 1997/5/21، 4).

## تەوەری چوارەم: یاری و جەژن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:

### باسی یەکەم: یاری و کات بەسەر بردن

بێگومان لە هەموو سەردەمەکان چەند جۆرێك یاری هەبووە کە خەڵك بۆ کات بەسەربردن وکەیف وخۆشی ئەنجامیان دەدا، هەندێك لەو یاری و کۆبوونەوانەی لە ناو کۆمەڵگەدا هەبوون ئێستاش بەردوامە و

هەندێ لە یارییەکانیش نوێ کراونەتەوە. لێرەبەدوا هەوڵدەدەین بەکورتی باسی ئەو یارییانە بکەین کە لەو ساڵانەدا لەباشووری کوردستاندا هەبوون ولەڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش باسیان کراوە. سەرەتا دەبێ باسی یارییە وەرزشیەکان بکەین؛ ئەوانەش ئەو یارییانە بوون بە شێوەیەکی گشتی گەنجەکان ئەنجامیان دەدا، ڕۆژنامەنووسی کوردی گرنگی تایبەتی بەو بوارە دابوو وتەنانەت بەلاپەڕەی سەربەخۆ لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکان باسیان لێوەکردووە وەکو لەهەردوو ڕۆژنامەی (برایەتی وکوردستانی نوێ) دەبینین هەروەها گۆڤاری تایبەتیش بەم بوارە دەرچووە کە گۆڤاریی (وەرزش وگەرمیان)بوو. ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە باسیان لە یاری تۆپی پێ وتێنس وشەترەنج وباله وپاڵەوانیەتی لەشجوانی وچەندین یاری تر کردووە. هەروەها هەواڵەکانی یارییەکانی تیپە جیهانیەکان و عەرەبیەکان و کوردستانیان ڕاگوستۆتەوە (برایەتی، ژ2391، 1997/8/11، 7)؛ (کوردستانی نوێ، ژ1256، 1996/8/11، 7)؛ (برایەتی، ژ 1261، 1998،7/4/7)؛ (کوردستانی نوێ، ژ1205،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1996/2/1، 7)؛ (برایەتی، ژ 2365، 1997/7/2، 6)؛ (برایەتی، ژ 2468، 1997/11/24، 6). بێگومان کچانیش هاوشانی کوڕەکان بەشداری هەندێ لەیارییەکانیان کردووە بەتایبەتی شەترەنج. بەڵام کوڕەکان زیاتر ئەم یاریيانەیان ئەنجام داوە وتوانیانە لە پێشبڕکێکانی کوردستان وعێراق و وڵاتە عەرەبییەکان هەندێ سەرکەوتن بەدەست بهێنن (برایەتی، ژ 2056،8/10/1994،2).

لەنێو یارییە وەرزشییەکان یاری تۆپی پێ لەهەموویان زیاتر بەربڵاو بوو. چونکە بێجگە لەتیپە فەرمییەکان لەسەر ئاستی نافەرمیش ئەم یارییە زۆر دەکرا و ڕەهەندێکی میللی و گشتی وەرگرتبوو. بەتایبەتی لەنێو گەنجەکان لە کۆلیژو قوتابخانەکانیش و هەروەها منداڵانی کۆڵانەکانیش هەمیشە دەیانکرد. لەزۆربەی گەڕەکەکان کۆمەڵێك گەنج کۆدەبوونەوەو تیپێکی تۆپی پێیان پێکدەهێنا و لەگەڵ گەڕەکەکانی تر یارییان دەکرد. تەنانەت هەندێ لەگوندەکانیش لەم ساڵانەدا تیپی تۆپی پێیان هەبوو (هیمداد عبدالخالق طه، هەولێر، 2021/8/7). لەنێو تیپەکانی تۆپی پێی هەولێرو دەوروبەریدا، ڕۆژنامەکان باسی ئەم تیپانەیان کردوە: یانەی ئاسۆ، ئەکاد، خەبات، ئاسایش. خەنەقا، قەڵا، سێتاقان، سنور، شەهید حەسەن نەجاڕ، شەهید عبدالقادر (برایەتی، ژ 2391، 1997/8/11، 7)؛ (یەکگرتوو، ژ 23، 1994/12/20، 7).

دیارە گەورەو بەساڵاچووانیش بەتایبەتی لەگەڕەکە میللییەکان یاری وئامرازی سەرگەرمی خۆیان هەبوو، ئەویش بەزۆری یاری دامە بوو. ئەم یارییە زیاتر لە نیۆ بەساڵاچووندا باوبوو کاتێ لەپێش مزگەوت یان گۆڕەپان وهەندێ شوێنی گشتی تردا کۆدەبوونەوە. بێگومان دامە یارییەکی زۆر کۆنەو تاڕاددەیەك لەشەترەنج دەچێ وئەویش زیرەکی و شارەزایی زۆری دەوێ. بۆ ئەم یارییە (64 )خانەی چوار گۆشە لەسەر زەوی دەکێشراو دوو یاریزان هەریەکەیان بە (16) داش یان بەرد یارییان دەکرد تاوەکو لایەکیان داشی نامێنێ. (عەزیز، 2014، 148-149).کاتێ باسی سەرگەرمی وکات بەسەربردنیش بکەین دەبێ ئاماژە بەچایخانەکان بکەین، چونکە شوێنکی سەرەکی کات بەسەربردن بوون بۆ خەڵکانێکی زۆر لەو ساڵانەدا. بێگومان لەهەموو شارو تەنانەت شارۆچکەکانیش چایخانە هەبوون. بەڵام لەهەر شارێکدا هەندێکیان بەناوبانگ بوون؛ بۆ نمونە لە شاری هەولێر چایخانەی مەچکۆ و هەروەها قەرداران زیاتر ناسرابوون. چایخانەی (شەعب)یش لە شاری سلێمانی ناوبانگی هەبوو. زۆربەی ئەدیبان و ڕۆشنبیران دەچوون بۆ ئەو شوێنانە بە مەبەستی دیدەنی و گۆڕینەوەی بیروڕا بوو، زۆرجار دوو ئەدیب ناکۆکی و دەمەقاڵێ دەکەوتە نێوانیان بەڵام لە هەمان شوێن ئاشت دەبوونەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لە چایخانەکان چەند یارییەك ئەنجامدەدرا وەکو دۆمینە و تاوڵە (برایەتی، ژ 233، 1997/5/25، 4)؛ (خاك، ژ 11، 1998 /5/10، 16).چایخانەکان بەتایبەتی ئەوانەی گەڕەکەکان، لە شەوانی ڕەمەزاندا دەبوونە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر کە بەمەبەستی کات بەسەر بردن ڕوویان تێدەکرد. لەو شەوانەدا یاری (سینیانێ) لەچایخانەکان دەکراو دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبوو. ئەم یارییە هاوشێوەی (کەرەمەستانێ) یە کە یارییەکی کۆنی کوردەوارییەو دوو کۆمەڵە دەیانکرد. لەم یارییە چەند کڵاوێکیان دادەنا و گوستیلێکی بچووکیان لە ناویاندا دەشاردەوە کۆمەڵەکەی تر دەبووایە گوستیلەکە بدۆزێتەوە. بەڵام لەسینیانێ لە جیاتی کڵاو فنجانیان لە ناو سینی دادەنا، ئەم یاریکردنانەش بەدەم گۆرانی و موسیقاوە ئەنجام دەدرا، هەروەها ئەم یاریانەش لەسەر خواردن و شیرینی ئەنجامدەدرا و تاوەکو بەربانگ دەمانەوە زۆرجاریش تیپی کەرکوك دەهاتن بۆ هەولێر بۆ یاری کردن و پارشێویان دەکرد و دەگەڕانەوە بۆ شارەکەیان، وەکو لەهەندێ ڕۆژنامەدا باسکراوە (برایەتی، ژ 2259، 1997/1/21، 5)؛ (کوردستانی نوێ، ژ 324، 1993،5/2/23).سەبارەت بە بەسەربردنی شەوان لەدەرەوە، پێویستە ئەوە بزانین کە لەساڵانی بەرایی دوای ڕاپەڕیندا بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی ونەبوونی ئارامی، خەڵك بەدەگمەن لەشەوان دەچوونە دەرەوە. بەڵام لەووتارێکی ڕۆژنامەویدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەدوای ساڵی 1996 خەڵکی شاری هەولێر تادەرەنگانی شەو لە باخچە و پاریگا و شوێنەگشتییەکان کاتیان بەسەر دەبرد، باخچەی خانزاد یەکێك لەو باخچانە بوو کە خەڵکی شارەکە بۆ پیاسەکردن چا خواردن و نانخواردن ڕوویان تێدەکرد و منداڵەکانیش چەندین یاریان دەکرد وەکو چەرخ و فەلەك، فڕۆکە وفیلەکان و هەڵبەزودابەزکردن تاوەکو درنگانی شەو (برایەتی، ژ 2661، 1998/9/2، 8). لەووتارێکی تریشدا باسی ئەوە کراوە کە شەقامی (ئیسکان)یش هەر لەو شارەدا بووەتە جێگەی پیاسەو کات بەسەربردنی گەنجەکان (برایەتی، ژ 2599، 1998/6/7، 8).

هەر لەباسی کات بەسەربردندا نابێ ڕاوو شکاریش لەبیر بکەین کە لەڕۆژنامەیەکدا لەبارەی نووسراوە؛ ئەویش ئارەزووی تایبەتی کەسانێك بوو. زیاتر بۆ کات بەسەربردن و ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی بوو، واتە وەکو پیشەو نان پەیداکردن نەدەکرا. چەند پێداویستییەك بەکاردەهات بۆ ڕاوکردن وەکو (تفەنگ، فاق، تەپکە، داو و تۆڕ)، ڕاوچییەکان زیاتر لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان و شاخ و تەپۆلکەو گردۆڵەکان ڕاویان دەکرد (کوردستانی نوێ، ژ 574، 1993،8/12/29).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی دووەم: جەژن و بۆنە کۆمەڵایتیەکان:

### أ- جەژنەکان:

لە کۆمەڵگای مسوڵمانانداا دوو جەژنی سەرەکی هەیە، ئەوانیش جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربانن، دیارە ڕۆژنامەنووسیی کوردیش بایەخێکی تایبەتیان بەم جەژنانە داوە و تیشکیان خستۆتە سەر دابونەریتەکانی خەڵکی باشووری کوردستان لەم جەژنانە. لە هەواڵ و ووتارەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕۆژی پێش جەژن خەڵك خۆیان ئامادە دەکرد، لەسەر شۆردن و ماڵ پاککردنەوە و ئامادەکردنی کولیچەوە برژاندنی گوڵەبەرۆژە و کڕینی چەرەزات لەگەڵ دروستکردنی شەربەت و گرتنەوەی کاسە ماستاو، لە شەوەکەشدا هەریەك لە ئەندامەکانی خێزانەکان جلو بەرگیان ئامادە دەکرد بۆ بەیانی. کابانی ماڵ
ئامادەکاری دەکرد بۆ چێشتی جەژن کە زیاتر بریتی بوون لە (پەردە پڵاو، قوبوڵی برنج، ساوەر و مەرەگەی قەیسی، کشمیش، بادام) بەیانیی جەژن بە تەکبیری (الله اكبر)ی مزگەوت و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە خەو
هەڵدەستان. پیاوەکانیش ڕوویان لە مزگەوتەکان دەکرد بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژی جەژن و گوێگرتن لە ووتاری جەژن (کوردستانی نوێ، ژ 635، 1994/3/11، 6)؛ (برایەتی، ژ 2562، 1998/4/12، 4). لەم ماوەیەدا کەسانێك هەبوون هەر لەیەکەم ڕۆژی جەژن سەردانی گۆڕستانیان دەکرد و دەچوون بۆ سەر گۆڕی ئازیزانیان، مەلاکانیش قورئانیان لەسەر گۆڕەکان دەخوێند هەر سورەتێك بە بڕە پارەیەك دەخوێندرا، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی گوناهی مردووەکە بوو. هەروەها بخور لەسەر گۆڕەکان دەسووتێنرا (کوردستانی نوێ، ژ 1224، 1996/2/27، 5). لە دوای نانخواردنیش دەستیاندەکرد بە جەژنانەکردن، دواتریش خۆیان ئامادە دەکرد بۆ چوونە ماڵی دراوسێ و خزمان. ئەم ڕێورەسمە لە شارێك بۆ شارێکی تر جیاواز بووە، لە شاری هەولێر خەڵك سەردانی یەکتریان دەکرد بۆ ماوەیەك لەگەڵ یەکتری دادەنیشن. بەڵام لە شاری سلێمانی دابونەریتەکە وابوو ئەگەر خزم و کەس و کار نەبووایە بەدەگمەن دادەنیشتن هەر لەبەر دەرگا لەگەڵ خاوەن ماڵ جەژنانەیان دەکردو نوقڵ و چوکلێتی خۆیان وەردەگرتوو دەڕۆیشتن (کوردستانی نوێ، ژ 402، 1993/3/31، 8).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لایەکی تر خەڵك لە جەژندا ناکۆکییەکانیان وەلادەنا و سەردانی یەکتریان دەکرد، دڵدارەکان نامەیان بۆ خۆشەویستەکانیان دەنارد و ئەوانەی لە دەروەی ووڵات بوون نامەیان بۆ کەس و کاریان دەنارد. بێجگە لە خەڵکی ئاسایی، سەرکردە و بەرپرسە سیاسیەکانیش بروسکەی پیرۆزباییان ئاڕاستەی یەکتر دەکرد (کوردستانی نوێ، ژ 402،31/1993/5، 8). هەر لە ڕۆژانی جەژندا هەندێ خەڵك بەمەبەستی کات بەسەربردن سەردانی باخچەکانیان دەکرد (برایەتی، ژ2314، 1997/4/17، 8). هەروەها جەژن بۆ منداڵەکانیش ڕۆژێکی تایبەت بوو، چونکە لەجەژندا چەندین یارییان دەکرد وەکو (جۆلانێ، چەرخوفەلك، حندر حۆپ، سواربوونی گالسیکە و عەربانە، ئەسپ سواری، نیشانە شکێنی) لەگەڵ ئەوەشدا یاری خراپیشیان ئەنجام دەدا کە ڕۆژنامەنووسانی کورد هەوڵیانداوە دایك و باوکان ئاگادار بکەنەوە لە مەترسی ئەو یاریانە وەکو (لگاو و یانسیب) (هەرێمی کوردستان، ژ 157، 1998/4/6، 5)؛ (برایەتی، ژ 2516، 1998/1/29، 12).

یەکێکی تر لە نەریتەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی و کوردی بەدیاریکراوی لە جەژنی قوربان بریتی بوو لە قوربانی کردن. هەر وەکو لە ڕۆژنامەی یەکگرتوو باس لە قوربانی کردن دەکات لە ڕێگای ڕابیتەی ئیسلامی و خێرخوازەکان و دابەشکردنی بەسەر ماڵ هەژارەکاندا (یەکگرتوو، ژ3، 1994/6/16، 5). بەڵام لەڕۆژنامەکاندا باسی ئەوە نەکراوە کە ئایا خەڵکی ئاسایی لەم ماوەیەدا قوربانییان کردووە یان نا. لەڕاستیشدا ئەگەر کرابێ لەوانەیە لەسنوورێکی بەرتەسکدا بووبێ، چونکە بارودۆخی ئابووری بەشی هەرەزۆری خەڵك لەم سالانەدا زۆر ناهەموار بوو.بەڵام لەکاتی جەژنەکاندا ئەگەر یەکێك کەسێکی نزیکی بمردبا یان تووشی ناخۆشییەك هاتبایە، بەبێ هیچ ئامادەکارییەك بۆ جەژن لە ماڵەکەی دادەنیشت و جەژنی نەدەکرد، خزم و کەس و کاری دەچوون بۆ سەردانی بۆ دەڵنەوایی، ئەگەر پێیان گووتبا بۆ جەژن ناکەی؟ لە وەڵامدا دەیگوت (خۆ سەلکە تورم لەبن گڵ نەشاردۆتەوە، ئازیزم مردووە، کۆستم کەوتووە ...) (کوردستانی نوێ، ژ 116، 1992/6/16، 5).

بێگومان کریستیانەکانی کوردستانیش جەژنی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بەتایبەتی (جەژنی ئاشتی) واتە جەژنی لە دایکبوونی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لێبێت)25کانوونی یەکەم بوو. ئەم بۆنەیە لەزۆربەی ولاتانی ئەورووپی یاد دەکرێتەوە، لە کوردستانیش کریستیانەکان ئەم جەژنەیان هەیە. بۆ نمونە خەڵکی شارۆچکەی عەنکاوە لەو ڕۆژەدا خواردنی خۆش وتایبەتیان ئامادە دەکرد، منداڵ و هەرزەکارانیش جلوبەرگی نوێیان لەبەر دەکرد، لەم ڕۆژەدا پارەی زیاتریان سەرف دەکرد بەراورد بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژکانی تر بۆ ئەوەی وەکو یادگارییەکی خۆش لە هزریان بمێنێتەوە. لە ماڵەکان و دوکانەکانی عەنکاوە داری جەژنی لە دایك بوون ئامادە دەکرا بە گلۆپ و جوانکاری دەڕازێنرایەوە (کوردستانی نوێ، ژ 1174، 1995/12/25، 5). هەر لەم ڕۆژەدا شارەوانی شارو شارۆچکەکان شەقام و شوێنە گشتیەکانی دەرازاندەوەو ئامادەی دەکرد بۆ هاتنەدەرەوی خەڵك لەشەودا بەمەستی خۆشی و کات بەسەربردن (ئەنوەر، 2010، 193-194). کریستیانەکان جەژنێکی تریشیان هەبوو بەناوی جەژنی قیامە (برایەتی، ژ 2563، 1998/4/13، 4). کەلەمانگی نیسان ئەنجامدەدرا، لەووتارێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لەساڵی 1993دا بڵاوکراوەتەوە، باسی مەراسیمەکانی ئەو جەژنە لە شارۆچکەی عەنکاوە کراوە، کە پوختەکەی بەم شێوەیە: خەڵکی شارۆچکەکە لەم جەژنەدا سەر لەبەیانی لەگەڵ زەنگی کڵێسا ئاگادار دەکرانەوەو بەرەو کڵێسا دەچوون بەمەبەستی بەشداریکردن لەئاهەنگی جەژنی گەورە (جەژنی قیامە) بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی حەزرەتی مەسیح کە لە دوای ناخواردنی ئێوارە بەیاوەرکانی ڕاگەیاندبوو، جێبەجێ بکەن. سەدای تەراتیل و نوێژەکان لەهۆڵەکە دەنگی دەدایەوە کە قوودداسی تێدا ئەنجام دەدرا. لەم قوودداسە مەتران یاخود قەشە ووتارێکی دەخوێندوەو ئامۆژگاری ئامادەبووانی دەکرد، دواتریش نوێژێکی تایبەت و کورت دەکرا سڵاوی مەسیح لەقەشەوە بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکرا، ئینجا نوێژی سوپاسکردنی خودا دەستیپێدەکرد. دواتر نوێژکەران بەبن دەستی قەشەدا دەڕۆیشتن و قەشەش پارچەیەك نانی دەخستە دەمیانەوە کەپێیدەگوترا (قربان المقدس)، ئینجا قەشە نوێژی کۆتایی دەخوێند لەدوعاکانیدا داوای ئاشتی وخۆشی وکامەرانی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دەکرد و خەڵکەکەش بەپێ توانای خۆیان بڕێك پارەیان دەبەخشییەوە کەهەندێکی بۆ چاککردنەوەی کڵێسا و هەندێکی تریشی بۆ یارمەتیدانی هەژارەکان بوو. لەکۆتاییدا خەڵکە دەچوونەوە بۆماڵی خۆیان هەرکەسەو سەردانی خزم و دۆستەکانی دەکرد و هێلکەی ڕەنگاو ڕەنگیش وەکو جەژنانە بەسەر منداڵەکان دابەش دەکرا (کوردستانی نوێ، ژ 261، 1993/4/12، 5). ئێزیدییەکانیش وەکو پێکهاتە ئایینیەکانی تری کۆمەڵگە هەندێ جەژنی تایبەتیان هەبوو وەکو جەژنی (سەری ساڵ/ چوارشەمبا سوور). ئەم ڕۆژەش دەکەوێتە یەکەم ڕۆژی چوارشەممەی مانگی نیسان. چونکە ڕۆژی چوارشەممە لای ئێزیدییەکان زۆر پیرۆزەو ئێزیدییەکان پێیان وابوو لە جەژندا بەفەرمانی پەروەردیگار فریشتەکان لەئاسمان دێنەخوارەوە و سەردانیان دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری خێرو خۆشی ئەو جەژنە بکەن. لەجەژندا ئێزیدییەکان سەردانی یەکتری دەکەن بەمەبەستی جەژنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پیرۆزانە و ڕیش سـپی و پیاو ماقوڵان سـەردانی لالش دەکەن لە ناوچەی شـێخان و هەرماڵێك گوڵێکی سور و توێکلی هێلکە بە دیواری ماڵەکە هەڵدەواسێ بۆ ئەوەی لەدوورەوە بزانرێ ماڵە ئێزیدییە (هەرێمی کوردستان، ژ 156، 1998/4/16، 6) بێگومان ئەم چەژنە لەلای ئێزیدییەکان گەلێك پیرۆزە و لە ناو هەموو ئێزیدییەکانی جیهان یادی ئەم چەژنە دەکرێتەوە. وە لەبەر پیرۆزی ئەم چەژنە هەندێك کار و فرمانی ئایینی ئەنجام دەدرا. بۆ نمونە ئەوانەی بەنیازی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیرین بوون پێیان باشتر بوو لە مانگی نیسان پرۆسەکە ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی پیرۆزی خودایان بەر بکەوێت. چونکە لای ئەوان نیسان بووکی بەهارە. بەڵام ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕۆژی چوارشەممەدا ڕێگە پێدراو نەبوو، ئەمەش وەك ڕێزێك بۆ پیرۆزی ڕۆژی چوارشەممەی مەزن. هەروەها زۆر کاری تریش نەدەبوو لەو ڕۆژە بکرێ. سەبارەت بەمەراسیمەکانی ئەو جەژنە ڕۆژنامەنووسێك لەووتارێکیدا نووسیویەتی: ئێوارەی پێش جەژن بووکی تازە شووکردو دەهاتەوە ماڵی باوکی بۆ ئەوەی لەوێ جەژن بکات. ماڵە دەوڵەمەندکان مەڕیان سەردەبڕی بۆ جەژن، پیوستیش بوو هێلکە بکوڵێنن و ڕەنگی بکەن تا پێشکەشی میوانەکانیان بکەن. هەروەها دەبوو پەڕۆی نیسان بەدەرگای ماڵەکانیان هەڵبواسن. لەبەیانی زووشدا پیاوانی ئێزیدی ڕوویان دەکردە ڕۆژهەڵات و نوێژی خۆیان دەکرد و ئینجا دەچوون بۆ سەردانی یەکتری و خۆشی دەربڕین. دواتریش دەچوون بۆ گۆڕستان و خواردنیان لەگەڵ یەکتری دابەش دەکرد و دەیاندا بە هەژاران. هەروەها چەندین چالاکی ئەنجامدەدرا لەوناوچانەی کە ئیزیدیەکانی تێدا نیشتەجێبوون وەکو هەڵپەڕکی و شادی گێڕان بەدەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و تەمبور. لەگۆڕستانەکانیش بۆنەی ئاینی تایبەت دەگێڕدرا بەدەف لێدان لەلایەن قەوالەکانەوە هەروەها شیوەن کردنیش لەلایەن ئافرەتەکانەو بۆ مردووە نوێیەکان. هەروەها لەم جەژنەدا چەندین یاری ئەنجامدەدرا وەکو ئەسپ سواری کە تەواوی ئەسپەکانیان لەمەیدانی گوندەکان کۆدەکردوەو پێشبڕکیان بە ئەسپەکان دەکرد تاوەکو بزانن کامیان خێراترە. منداڵەکانیش کۆدەبوونەوە و یاری هێلکە شکانیان لەگەڵ یەکتری دەکرد، هەرمنداڵێك هێلکەیەکی بەدەست دەگرت لەگەڵ منداڵەکەی بەرامبەر خۆی یاری هێلکە شکانیان دەکرد و ئەوەی هێلکەکەی زووتر دەشکا دەدۆڕا (کوردستانی نوێ، ژ 1265، 1996/4/17، 59). یەزیدیەکان چەند جەژنێکی تریشیان هەبوو کە ئەمانەن (جەژنی بڵندە (گورگەگا)، جەژنی چلەی هاوین، جەژنی چلەی زستان، جەژنی خدر الیاس(لالش، ژ9 ، شوبات 1998، 81).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:**

لەکۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا چەندین بۆنەی کۆمەڵایەتی هەبوو؛ کەدیارترینیان ئەمانە بوون:

نەورۆز: بۆنەیەکی نەتەوەییە، خەڵکی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 یادی نەورۆزیان بە شێوازێکی ئازادانەتر کردۆتەوە. لە ڕۆژی پێش نەورۆز ئاگر لە شوێنێکی بەرز دەکرایەوە وەکو قەڵای هەولێر، ڕۆژی نەورۆزیش خەڵك دەچوونە دەرەوە بۆ سەیرانگاکانی دەوروبەری شارەکان. ئەو ڕۆژەیان بە لەبەرکردنی جلو بەرگی کوردی ڕەنگاو ڕەنگ و دروستکردنی خواردنی تایبەت و دەربڕینی خۆشی وگۆرانی و هەڵپەڕکێ بەڕێ دەکرد. هەندێ کاتیش سەرکردە سیاسیەکان بەشدار دەبوون لەم بۆنەیە و سەردانی سەیرانگاکانیان دەکرد و لەگەڵ خەڵکی نەورۆزیان دەکرد (برایەتی، ژ 1101، 1993/3/21، 4) ؛ (برایەتی، ژ 2551، 1998/3/24، 8). ڕۆژنامەنوسی کوردی بایەخێکی تایبەتی بەم بۆنەیە داوەو بەزۆری شیعری شاعیرانی وەکو پیرمێرد (1867-1950) و ع.ع. شەونم (1925-2020) لەو ڕۆژدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاودەکرایەوە. بەتایبەتی ئەو شیعرە بەناوبانگەی نەورۆز کە هی شاعیر (ع.ع.شەونم)ـە؛

جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جــەژنە پیرۆزە
چــاوگــی ئاگـــر هـــێزی گـــیانمـە
بــاوڕی بــەرزی کـــوردستانمــــە... (کوردستانی نوێ، 1994/3/21، ژ 640، 8).

یادکردنەوەی مەولود: یەکێکی تر بوو لە بۆنە ئایینییەکان کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی فراوانی وەرگرتبوو، ئەویش ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەری ئیسلامە (درودی خوای لێبێت) کەدەکەوێتە (12)ی ڕەبیعی یەکەم (برایەتی، ژ2620، 1998/7/6، 5). دەڵێن سەرەتا یادکردنەوەی مەولود لە لایەن (سوڵتان موزەفەرەددین کەوکەبەری*)یـەوە ئەنجامدراوە (برایەتی، ژ 2620، 1998/7/6، 8). ئەم ئاهەنگە هەندێ جار لەیەکێ لەمزگەوتەکاندا لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە ئەنجام دەدرا،

* سوڵتان موزەفەرەددین کەوکەبەری: حاکمی میرنشینی ئەتابەکی بوولەهەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی (1190-1232ك) سەردەمی ئەو هاوکات بووە لەگەڵ سەردەمی فەرمانڕەوایی سەلاحەددینی ئەیوبی لەمیسرو شام. (ابن الاثیر، 1997، ج9، 462)؛(یاقوت الحموی، 1995، ج3، 376).

بانگێشتی چەندین کەسایەتی حکومی و سیاسی و سەرکردەی حیزبە سیاسیەکان دەکرا (برایەتی، ژ 2621، 1998/7/6، 4). هاوکات ماڵەکانیش بەدەرنەبوون لە خوێندنەوەی مەولود و سەربڕینی مەڕو ماڵات و بە خشینەوەی چێشت و شیرینی، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر ئاهەنگی مەولودیان لەمزگەوتەکان دەکرد، بۆیە چەند تیپێکی ئایینی هەبوون دابەش دەبوون بەسەر مزگەوتەکانی شاردا و ستایشی ئایینییان پێشکەش بە خەڵك دەکرد (برایەتی، ژ 2620، 1998/7/6، 8).

زیندوو کردنەوەی شەوی قەدر: شەوێکە کە خودای گەورە پاداشتی ئەم شەوە و خێرەکەی بە گەورتر لە هەزار مانگ داناوە، لەم شەدوا خەلك بەزۆری لەمزگەوتەکان کۆدەبوونەوەو دادنیشن بۆ قورئان خوێندن و تەسبیحات کردن و هەروەها داوی لێخۆشبوون لە خودا دەکەن تاوەکو نوێژی بەیانی، شەوی قەدر (10) شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان دەگرێتەوە بەڵام لەڕاستیدا شەوێکە کە دیاری نەکراوە (ڕەسەن، ژ 12، 1996/2/16 ، 3).

لەڕۆژنامەی (برایەتی) باسی بۆنەیەکی تریش کراوە کە ناوی لینراوە (جەژنی سەدە) و گوایە جەژنێکی مێژوویی کۆنی ئارییەکان بووە. بەگوتەی نووسەری ووتارەکە هەموو ساڵێك لە(10)ی مانگی ڕێبەندان ئاهەنگی ئەم جەژنەیان دەگێرا. یادکرنەوەی ئەم ڕۆژە هاوکات بووە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی چلەی زستان (برایەتی، ژ 1998/9/12662،3، 8). بەڵام لەوانەیە ئەم بۆنەیە تەنیا لەلایەن توێژێکی زۆر بچووکی کۆمەڵگە یادکرابێتەوەو پانتاییەکی میللی نەبووبێ.

## دەرەنجامەکان:

١- ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەر سەردەمێك، بەهۆی ئەو زانیارییە هەمەلایەنەی کە لەخۆی دەگرن، وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگی سەردەمەکەی خۆیان ئەژمار دەکرێن. بۆیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ماوەی ساڵانی (1991-1998)ش لەهەرێمی کوردستاندا، بەسەرچاوەی باش دادەنرێن بۆ توێژینەوە لەمێژووی کۆمەڵایەتی هەرێمەکە.

٢-ڕۆژنامەو گۆڤارەکان تارڕادەیەکی باش تیشکیان خستۆتە سەر داب ونەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی وباسیان لەچەندین داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کردووە؛ بەتایبەتی نەریتەکانی ژنهێنان و بووك گواستنەوە کە زۆر لایەنیان ڕۆنکردۆتەوە و ئاماژەیان بەگۆڕانکارییەکانی داوە. هەروەها ڕۆلی خۆیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بینیوە لە کاڵکردنەوەی بەشـێك لەنەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردی؛ وەکو ژن بەژن وگەورە بە بچوك و ژن دان لە تۆڵەی خوێن.

٣-لەرۆژنامەگەری ئەم ماوەیەدا زۆر لە بیروباوەڕە میللییە باوەکانی نێو کۆمەڵگە ئاماژەیان بۆکراوە؛ وەکو باوەڕبوون بە پیاوچاك و سـەردانیکردنی مەزارگەو چوونە لای فاڵچی و نوشـتەکردن. هەروەها هەوڵدراوە کۆمەڵگە لەو ڕووەوە ووشیار بکرێتەوە.

٤-ئافرەت وپرسەکانی وئەو بابەتانەی کە پەیوستن بە مافەکانیان، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم ماوە زۆریان لەسـەر نووسـراوە، جا چ لەلایان ئافرەتەکان خۆیانەوە بێ یان لەلایەن نووسـەرە پیاوەکان. بەتایبەتی بەمەبەسـتی وشـیارکردنەوەیان سـەبارەت بە ماف وداواکارییەکانیان، بەڵام بۆ زانینی پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگەشدا بەکەڵگن.

٥-لەماوەی سـاڵانی (1994-1998) کە ماوەی شـەڕی ناوەخۆیە لە کوردسـتانی باشـوور، هەواڵ و ووتارەکانی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زیاتر پەیوسـت بوون بەلایەنی سـیاسـی و کەمتر بایەخیان بە لایەنەکانی تر داوە، لەنێویشیدا لایەنی کۆمەڵایەتی وئاکارە کۆمەڵایەتییەکان.

## سەرچاوەکان:

**١-کارنامە زانکۆییەکان:**

١-عزیز، حسـن اسـماعیـل،(2014)، ژیـانی کۆمـەڵایـەتی لیوای سـلێمـانی لـەنێوان سـاڵانی(1921-1958)توێژینەوەیەکی مێژووییە، تێزی دکتۆرا، کۆلیژی ئەدبیات، زانکۆی سەڵاحەددین.

٢-شـێراوەیی، دلشـاد،(2021)، ڕۆڵی پارتە سـیاسـیەکان لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیدا توێژینەوەیەکەی مەیدانیە لەهەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی(1992-2009)، تێزی دکتۆرا، کۆلیژی ئەدبیات، زانکۆی سەڵاحەدین.

**أ-بەزمانی کوردی:**

١_ئەنوەر، کەیوان ئازاد،(2010)، داب ونەریتەکانی کورد، چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٢_خەلیقی، حوسێنی،(1992) کۆمەڵناسی کوردواری، بگ2، چ1 چاپخانەی الحوادث.

٣_هەروتی، سـەعدی عوسـمان، (2113)، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری کۆمەڵایەتی ئابووریی کوردسـتان لەسەردەمی عوسمانیدا، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم.

٤_ئەحمەد، کەمال مەزهەر،(1996)،ئافرەت لەمێژوودا کورتە باسـێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی، چ2، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

٥_قەرداغی، مهاباد،(2018)، مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لەباشووری کوردستان(1918-2018)، چ2، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٦_گەرمیانی، تابان،(2015)، دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان، چ1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

**ب-بەزمانی عەرەبی:**

١_ابن الاثير،(1997)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عبدالسلام التدمرى، بيروت.
٢_ياقوت الحموى،(1995)، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

**ووتارو بابەتە ڕۆژنامەوانیەکان:**

١-جوتيار، خالد، گردە غەريبە،"کوردستانی نوێ"،ژ:217، 1992/10/19.
٢-قازی، حسيب، هێشوو،" کوردستانی نوێ"، ژ24،1992/9/199.
٣-قەرەداغی، عەبدوڵلا، پرسەدانان و چەند ووردە سەرنجێک، ،"کوردستانی نوێ"، ژ:1253، 1996/4/3.
٦-قانع، وريا، جەژنی سەدە جەژنێکی کۆنی نەتەوەی کوردە،"برايەتی"، ژ:2662، 1998/9/3.
٩-جەلال، بۆتان، ئاهەنگە ئاينيەکان لە ڕۆژی مەولودی پێغەمبەر (د.خ)،" برايەتی"، ژ:2620، 1998/7/6.
١٠-لاوە، ئيدريس، موەسيح بۆ ئاشتی لەدايک بوونی پێغەمبەری ئاشتيش بوو، "کوردستانی نوێ"، ژ:1174، 1995/12/25.
١١-لاوە، ئيدريس، مەسيح هەڵسا بەڕاستی هەڵسا، "کوردستانی نوێ"، ژ:361، 1993/4/12.
١٢-بەرواری، لوقمان، هەڤە پەيڤينەك دگەل خەيری شەنگال سەبارەت بەجەژنا سەرێ سالا ئێزيدی،"برايەتی"، ژ:1268، 1996/4/17.
١٣-قانع، وريا، جەژنی سەدە جەژنێکی کۆنی نەتەوەی کورد،"برايەتی"،ژ: 2662، 1998/9/3.
١٤-کارزان، عەنکاو کەرنەڤاڵی جەژنی لەدايکبوون دەگێڕێ،"برايەتی"، 199/12/24.
١٥-عەبدولڕەحمان، حەيدەر، جەژنی وڵاتی نێرگز،"برايەتی"، ژ: 2516، 1998/1/29.
١٦-کوردە، جەژن و جەژنانە،"هەرێمی کوردستان"، ژ: 157، 1998/4/6.
١٧-کاکە، عەدنان، اهەنگەکانی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) شکۆدارانە بەڕێوەچوو،"برايەتی"، ، ژ: 2621، 1998/7/8.
١٨-صالح ، سەميرە، بووکگواستنەوە لە دوێنێ و ئەمڕۆدا،"برايەتی"، ژ:2267، 1997/2/2.
٢٠-سەروەر، نەورۆزی دڵنيايی و ڕۆژی نوێ،"برايەتی"، ژ:2551، 1998/3/24.
٢١-شێرزاد، جەژنی ئەمساڵ کەرنەڤاڵی سەرکەوتن و ئازادی بوو،" برايەتی"، ژ:1604، 1993/3/27.
٢٢-زەردەشتی، مەچکۆ بارگەهێ ئەديب و و هونەرمەندان، "کوردستانی نوێ"، ژ:856، 1994/12/7

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٣-جەمیل، ئوسامە، شەوانی هەولێر،"برایەتی"، ژ:2599، 1998/6/7.

٢٤-جەلال، بۆتان، شەوێك لەشەوانی هەولێر، "برایەتی" ، ژ:2661، 1998/9/2.

٢٥-تەحسین، بۆتان، لەهۆڵی دادگاوە، "برایەتی"، ژ:2656، 1998/8/26.

٢٦-رشید، یاسین، راوو راوشکاری، "کوردستانی نوێ"، ژ:574، 1993/12/29.

٢٧-بۆتان، بەرهەم، شەوانی ڕەمەزانی دڵگیرو ئارامە، "برایەتی"، ژ:2259، 1997/1/21.

٢٨-جەمیل، ئوسامە، سەرچۆپی، "برایەتی"، ژ:2637، 1998/7/30.

٣٢-حمد، شاخەوان علی، زەماوندی ژن هێنان یان ژن هێنانی حیزب، "برایەتی"، ژ:1936، 1994/5/2.

٣٢-ئاسۆس، بووك و ئاهەنگ و نیشان لەباخچەی یانەکان، "کوردستانی نوێ" ، ژ:252، 1992/11/26.

٣٣-دیدار، لەسەر سەرچۆپی دووکەس دەکوژرێ سێ بریندار دەبێ، "برایەتی" ، ژ:2051، 1994/9/2.

٣٥-نوری، هاشم، ئاهەنگی بووك گواستنەوەو دیاردەیەکی نابەجێ، "برایەتی" ، ژ:1630، 1992/8/12.

٣٦-سیروان، شایی یە یان شەڕ، "کوردستانی نوێ" ، ژ:66، 1992/4/14.

٣٨-جوکل، عەلی مەحمود، قەرە چوارشەممە یان سێزدە بەدەر، "برایەتی" ، ژ:2303، 1997/4/2.

٣٩-مورتکەیی، هاوار، بایادی لەدایك بوونی پێغەمبەری مەزن(د.خ)بکەینە ڕێگەی ئاشتی و تەبابی، "برایەتی" ، ژ:2620، 1998/7/6.

٤٠-کریم، عمر کریم، پاراسایکۆلۆجی و موعجیزەی چابوونەوەی نەخۆشی، "برایەتی" ، ژ:1806، 1993/11/27.

٤١-ڕیشە، عوسمان، شێخ وسو ڕەحمان یان ڕەبەن بوویە، "برایەتی" ، ژ:2650، 1999/6/8.

٤٢-عارف، برایم محیَدین، خانوو ئاشەکەی شێخی نەمر لەچەمچماڵ شوێنەوارێکی جێ نزرگە، "کوردستانی نوێ" ، ژ:814، 1994/10/19.

٤٣-مام میخائیل، مەزارگەیەکی هاوبەش ئیسلام و مەسیحەیەکان لەشەقلاو، "کوردستانی نوێ" ، ژ:394، 1993/5/21.

٤٤-سەلیم، سەبیحە، کل ژهرە، "برایەتی" ، ژ:2513، 1998/1/26.

٤٥-گلی، طلال، دەست پێشخەری دوو هاوڵاتی، "برایەتی" ، ژ:1718، 1993/8/14.

٤٦-ئەحمەد، ئارام، ڤەژینکرنا شەڤا لیلة القدر ل دەف بوسلمانا، "ڕەسەن" ، ژ:12، 1996/2/16.

٤٧-مەلا نەوزاد، شەوی فەڕو بەرەکەت یان شەوی پیرۆزو ئاشتی، "کوردستانی نوێ" ، ژ:629، 1994/2/4.

٤٨-ڕیشە، عوسمان، لەشەقلاوە بەگەرمی و خۆشەویستی پیشوازی لەجەژنی قیامە کرا،"برایەتی"، 1998/4/13.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤٩-نقشبندی، غیاث الدین، ڕەمەزانی ئەمساڵ بەخێروخۆشی و ئازادی هاتەوە، "کوردستانی نوێ" ، ژ:324، 1993/3/23.
٥٠-هەڤاڵ، ڕەمەزانی دوێنێ و ئەمڕۆ، "کوردستانی نوێ" ، ژ:921، 1995/2/22.
٥٤-هەورامی، حمەکریم، جەژنی قوربان و جەژنانی جەماوەری، "کوردستانی نوێ"، ژ:116، 1992/6/16.
٦٦-دایکی سیواد، سێ ڕۆژانە یان سێکوچکەی ڕەوشت و ڕەسەنایەتی، "ڕابوون"، ژ:30، نیسانی1996.
٦٧-ئەبوبەکر، هەڤاڵ، ژنانی کورد لەگەڵ سستی هەنگاوەکانیاندا بەخێرایی نەوەکان بەڕێ دەکەن، "کوردستانی نوێ"،ژ:1121، 1995/11/5.
٦٨-مولود، کریم، تقالید الزواج عند الشعوب، "زاگرۆس"، ژ:4، کانون الاول1997.
٧٠-هەورامی، عوسمان محەمەد، ڕەدوکەتن دیاردەیەکی ناهەموارو دزێو، "کەلەپووری کورد" ، ژ:11، 11ئەیلوولی1997.
٧١-عبدالله، سۆران ئەحمەد، شەوارە، "کەلەپووری کورد" ، ژ:2، نەورۆزی1993.
٧٢-مجید، محمد مەردان، بووك گواستنەوە لەکوردە واریدا، "کەلەپووری کورد" ، ژ:7، ئەیلوولی 1995.
٧٤-ڕاستی، لەسلێمانی شایی یە زەماوەند ڕەشبەڵەك گیراوە،"کوردستانی نوێ"، ژ:1451، 1997/8/19.
٧٦-مەحمود، عەبدوڵلا، خەمەکانی پرسە لەمزگەوت دەڕەوێنەوە،"کوردستانی نوێ"، ژ:1540، 1998/1/20.
٧٧-بلباس، فەیسەڵ عارەب، کل و چاوساغی، "برایەتی"، ژ:2391، 1997/8/11.
٧٨-سەرتاش، زرار عەبدوڵلا، مەزارگەی شێخ وسو ڕەحمان یان ڕەبەن بویا، "دەنگارە"، ژ:1، پاییزی1998.
٧٩-علی، روناك عوسمان، (تەقەی خۆشی)، ژ:56،"کوردستانی نوێ"، 1992/3/3.
٨٠-محێدین، برایم، (ژن بەژن گرفت و جۆرەکانی)،"کوردستانی نوێ" ژ:1659، 1998/7/22.
٨١-مخموری، پیرداود، (دەروازیەك سەبارەت بەشایی و سەمای کوردی)، "کاروان" ژ:107، کانووی دووەمی1997.
٨٣اسماعیل، ڕێبین ڕەسول، ئافرەت و سیاسەت،"ئاڵای ئازادی"، ژ:174، 1998/6/18.
٨٤-ئەحمەد، نیان، داکۆکی لەئافرەت تەنیا بەقسە نابێ ،"برایەتی"، ژ:2539، 1998/4/3.
٨٥-خدر، سارا فەقێ، ڕاپەڕین و کاردانەوەی لەسەر ژنانی کوردستان، "کوردستانی نوێ"،ژ:622، 1994/3/8.
٨٦-ئەحمەد، نیان، ئەگەر ئافرەت هەلی بۆ بڕەخسێت ڕۆڵی خۆی دەبینێت،"برایەتی"، ژ:2617، 1998/7/1.
٨٧-قەرەچەتانی، کریم شەریف، یەکسانی ئافرەت و پیاو گەیشتۆتە کوێ ،"برایەتی"، ژ:1942، 1994/5/10.
٨٨-حەسەن، ئیبراهیم، جیاوازی نێوان کچ و کوڕ بۆچی، (برایەتی)ژ:2403، 1997/6/26.
٨٩-کەرکوکی، خەبات، دایکی ئاریان یەکەم ژنە ئەکتەرە لەسلێمانی،"کوردستانی نوێ"، ژ:395 ، 1993/3/23.

٩٠-شارباژێری، عەبدول،باران، "کەلەپووری کورد"، ژ:1، 1نیسانی1992.

٩٢-یوسف، پەری عبدالرقیب، کورتە باسێك لەبارەی شەوە، "کەلەپوری کورد"ژ:2، نەورۆزی1993ز

٩٣-علی، بەرهەم، بێژەری چاك هونەرمەندێکی گەورەیە، "برایەتی"،ژ:2342، 1997/6/2.

٩٤-ڕەوندزی، شێرزاد سلێمانی،ئافرەتی کوردیش دەبێتە پۆلیس، "برایەتی"ژ:2632، 1998/7/23.

٩٥-ئەمین، ڕەوەزا،مەوقیعیەتی ئافرەتان لەدنیای ئەمڕۆدا، "برایەتی"،ژ:2541، 1998/3/8.

٩٦-باوەکر، محەمەد، چایخانەی مەچکۆ،"برایەتی"، ژ:233، 1997/5/25.

٩٧-جامباز، تارق، ئەو ڕۆژانەی ئەم نەورۆزەمانە، "برایەتی"، ژ:1101، 1993/3/21.

١٠٠-سەروەر، نەورۆزی دڵنیایی و ڕۆژی نوێ، "برایەتی"، ژ:2551، 1998/3/24.

١٠١-ملا عوسمان، مهتاب، هۆیەکانی چاوسانەوەی ژن و بۆچوونێکی تر،"برایەتی"، ژ:522، 1993/10/29.

**گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

١-لالش،(مجلة)، مطبعة الثقافة اربيل، عدد 9، شباط 1998.

٢-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە) ، ژ:402، بەرکۆڵیك لەبیرەوری جەژنەکان، 1998/7/6.

٣-یەکگرتوو، (ڕۆژنامە) ، ژ:3، پرۆژەی گۆشتی قوربانی، 1994/6/16.

٤-یەککرتوو، (رۆژنامە) ، ژ:31، سازدانی خوانی بەربانگ و یارمەتی دابەش کردن لەسەرتاسەری کوردستان، 1995/2/24.

٥-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە) ، ژ:640، جەژنی نەورۆز، 1994/3/21.

٧-خاك، (گۆڤار) ، چایخانەی شەعب، ژ:11، 10ئایاری1998.

٨-دیموکراسی، (گۆڤار) ، نوشتە، ژ:5، 1شوباتی1992.

٩-برایەتی، (ڕۆژنامە) ، ئەنجامی خولی شەهید حەسەن نەجاڕ، ژ:2391، 1997/8/11.

١٠-یەکگرتوو، (ڕۆژنامە) ، چەند هەواڵێکی وەرزشی سلێمانی، ژ:23، 1994/12/20.

١١-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە) ، قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی سەرمێزی کوردستان تەوابوو، ژ:1256، 1996/8/11.

١٢-برایەتی، (ڕۆژنامە) ، ئەنجامی یارییەکانی خولی بالە لەدارتوو، ژ:2561، 1998/4/7.

١٣-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە) ، لەکۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابووری خولێکی شەترەنج کۆتایی هات، ژ:1205، 1996/2/1.

١٤-برایەتی، (ڕۆژنامە) ، ئەنجامی یارییەکانی خولی 13ی حوزیران، ژ:2365، 1997/7/2.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٥-برایەتی، (ڕۆژنامە) ،بەبەرانبەربوونی لەگەڵ ئوستراليادا ئیرانییەکان قورستر دەبێت، ژ:2468، 1997/11/24.
١٦-برایەتی، (ڕۆژنامە) ،یانەی هەولێر لەخولی تۆپی پێی عێراقدا، ژ:2056، 1994/10/2.
٢١-برایەتی، (ڕۆژنامە)، 8ئادار ڕۆژێکی مێژوویی و ڕووداوێکی گرنگ بوو لەخەباتی سەرجەم ئافرەتانی جیهان ، ژ:2521، 1998/3/8.
٢٢-ڕێگای کوردستان، (ڕۆژنامە)، چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتن لەئاست ئەو تاوانەی دەرهەق بەئافرەتان دەکرێن ، ژ:251، 1997/5/21.
٢٣-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە)، شایی یە یان شەڕە، ژ:163، 1992/8/12.
٢٤-برایەتی، ڕۆژنامە،پارا سایکۆلۆجی و موعجیزەی چابوونەوەی نەخۆش، ژ:1806، 1993/11/27.
٢٥-برایەتی، (ڕۆژنامە)، قەرە چوارشەم یان سێزدەبەدەر، ژ:2303، 1997/4/2.
٢٦-برایەتی، (ڕۆژنامە)، ست ئیمام یا شا ئاقرەتی هەولێری، "برایەتی"، ژ:1872، 1994/2/12.
٢٧-یەکگرتوو، (ڕۆژنامە)، جادووگەری و فاڵچیتی دوو پیشەی دژ بە ئاین و بەرژوندی گەلن، ژ:114، 1996/11/29.
٢٨-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە)، خانوو ئاشەکەی شێخی نەمر لەچەمچەماڵ شوێنەوارو جێ نزرگە، ژ:814، 1994/10/19.
٢٩- برایەتی، (ڕۆژنامە)، لەسێبەری ئارامی دا جەژن کەرنەڤاڵێکی کەم وێنە بوو ،ژ:2562، 1998/4/12.
٣٠-سیخورمە، (ڕۆژنامە)، ئەستێری بەخت ، ژ:1، کانوونی دووەمی1997.
٣٢-یەکگرتوو، (ڕۆژنامە)، باوەڕناکەم هیچ ئاینێکی تر هێندی ئیسلام بەهاو گرنگی بەئافرەت دابێ،ژ:117، 1996/12/20.
٣٣-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە)،یەکەمین کچ بەتاسەوە کاری بازرگانی دەکات ،ژ:100، 1992/4/19.
٣٤-هەرێمی کوردستان، (ڕۆژنامە)، جەژن و جەژنانە، ژ:157، 1998/4/6
٣٥-برایەتی، (ڕۆژنامە)، جەژنی وڵاتی نێرگز، ژ:2516، 1998/1/29.
٣٦-کوردستانی، (ڕۆژنامە)، جەژنی قوربان و خەباتی جەماوەری، ژ:116، 1992/6/16.
٣٧-هەرێمی کوردستان، (ڕۆژنامە)، لەجەژنی برا ئێزیدییەکاندا ،ژ:159، 1998/4/16.
٣٩-برایەتی، (ڕۆژنامە)، جەژنی دڵنیایی و دەروونی ئاسوودەو ئاوەدانییە، ژ:2314، 1997/4/17.
٤٣-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە)، ژ:517، 1993/10/24.
٤٤-کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە)، بەرکۆڵێك لەبیرەوەری جەژنەکان، ژ:402، 1993/5/31.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چاوپێکەوتنەکان:**

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید ئەحمەد سەید عبدالوهاب لە(1953/7/7) لەشارۆچکەی پێنجوێن لەدایك بووە، لەساڵی 1992 هاتۆتە هەولێر، لەماوەی ساڵانی2005-2006 ئەندامی کاتی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوور بوو، ئێستا ووتارخوێنی و پێش نوێژی مزگەوتی حاجی جەمال لەشاری هەولێر.

٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ عبداللە خورشید عبداللە لە(1956/7/1) لەناحیەی دیبەگەی سەربە قەزای مخموری پارێزگای هەولێر لەدایك بووە، لەساڵی(1982) هاتۆتە شاری هەولێر، ئێستا پرۆفیسۆرە لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحدین.

٥-چاوپێکەوتن لەگەڵ هیمداد عبدالخالق طە لە(1979/4/23) لەشاری هەولێر لەدایك بووە، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لەکۆلیژی پەروەردی وەرزش.

٦-چاوپێکەوتن لەگەڵ نیشتمان بەشیر محمد لە(1963/10/1) لەشاری هەولێر لەدایك بووە، ئێستا پرۆفیسۆرە لەبەشی مێژووی کۆلیژی ئەدبیاتی زانکۆی سەلاحەددین.

٧-چاوپێکەوتن لەگەڵ فائیزە عزت لە(1963/9/15)لەشاری هەولێر لەدایك بووە، ئێستا پرۆفیسۆرە لەبەشی مێژووی کۆلیژی ئەدبیاتی زانکۆی سەلاحەددین.

٨-چاوپێکەوتن لەگەڵ سورگۆڵ ئەمین محەمەد لە(1958/7/1) لەشاری کەرکوك لەدایك بووە، لەساڵی(1988)هاتۆتە شاری هەولێر.

# Social Aspects in Southern Kurdistan from the Perspective of the Press (1991-1998)

**Prof. Dr. Saadi Uthman Haruti**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dr.saadi.haruti@hotmail.com

**Parzhin Jalal Nadr**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Parzhinjalal89@gmail.com

**Keywords:** Social, Kurdish Jornalist, Culture, Games, Woman Right.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The years between (1991- 1998) is an important and crucial historical period for southern Kurdistan. Because it witnessed the establishment of Kurdistan regional government and overcoming the obstacle of civil war. This period was also left a clear mark on the complex of aspects of life in the region, including the social aspect. This research has been devoted to an important topic within this aspect, which are social phases. This is based on the information of the newspapers and magazines which issued in the region during this period. Considering that the press is the miror of the times.

The research consists of three themes: in the first theme we addressed the customs and traditions of society as well as the popular believs prevailing at the time. The second theme is study the status of women and determines their importance in society, which has witnessed remarkable development compared to previous years. In the third theme was devoted to talking about games, holidays and social events, which are held in all societies for entertainment and expression of gladness.

# المظاهر الاجتماعية في جنوب كردستان من منظور الصحافة ( 1991-1998)

## ملخص

إن المدة الواقعة ما بين سنتي (1991-1998) تعد حقبة تاريخية مهمة ومصيرية لجنوب كردستان. لأنها شهدت تأسيس حكومة كردية محلية و تجاوز عقبة الحرب الأهلية. كما تركت هذه المدة بأحداثها و متغيراتها بصمات واضحة على جميع جوانب الحياة في الاقليم، بما فيها الجانب الاجتماعي. وقد كرس هذا البحث لموضوع مهم ضمن هذا الجانب، وهو المظاهر الاجتماعية. وذلك بالاعتماد على معلومات تلك الصحف والمجلات التي صدرت في الاقليم خلال هذه المدة. على اعتبار ان الصحافة تعد مرآة العصر.

يتالف البحث من الثالث محاور: في المحور الاول تناولنا عادات و تقاليد المجتمع الى جانب المعتقدات الشعبية السائدة انذاك. وتم تخصص المحور الثاني للبحث في مكانة المرأة وتحديد اهميتها في الجتمع، والتي شهدت تطوراً ملحوظاً مقارنةً بالسنوات السابقة. وفي المحور الثالث تمت للحديث عن الالعاب والاعياد والمناسبات الاجتماعية التى تمارس فى كافة المجتمعات للتسلية والتعبير عن الفرح والسرور.